# کاریگەریی شیعرەکانی خیام لەسەر شیعرەکانی گۆران


د.سامان جلال عزیز
بەشی فارسی
کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی

د.سەبورعبدالكريم حمەكريم
بەشی فارسی
کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی

م.اركان عبدالله محمود
بەشی فارسی
کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی



## الملخص

يتناول هذا البحث ( تأثير أشعار خيام على أشعار گوران) دراسه مقارنه بين رباعيات عمر الخيام وأشعار الشاعر الكردى (گوران). لكون الادب المقارن يبحث فى مجال تأثير الشعراء القدامى على الشعراء الجدد لذلك تأثر گوران برؤى رباعيات عمر الخيام حول الوجود و الكون والانسان و الموت.

تتألف الدراسه من مقدمه و أربعه فصول و أستننتاجات و ملخص للبحث باللغه العربيه و الانجليزيه. وفى الفصول الاربعه قمنا بتوضيح أربعه رؤى اساسيه : ( فنائيه الدنيا و عبثيتها ، محاربه الدهر لأمنيات البشر، الجبريه و بؤس الانسان، الموت ) التى توجد فى رباعيات خيام من أصل تسعه رؤى أساسيه . وفى كل رؤيه حاولنا ان نجد شواهد الى حد ما متشابهه فى أشعار گوران أو شواهد مخالفه من حيث النظر. وتعيين مواقع التلاقى والتباعد بين كل أمثله وأخرى ووضحنا وجهه نظر الشاعرين و قارننا بينهما من حيث التشابه و التباين. وفى آخر المطاف أنهينا البحث بعرض بعض الاستنتاجات و قائمه باهم المصادر.

## Summary

Goran is a Kurdish poet and an educated. He lives between two world wars and after them. Omar Alkhayam is a Persian Poet. He was A philosopher and a mathematician and he lives between (1048-1131). He wrote poems in Rubbaei form which is consist of four lines.

This thesis which entitled: “Influence Omar Alkayam's poem on Goran's Poem" is a comparative research between the two poets poem.

According to the nature of the subject, the thesis contains: introduction, four chapters, conclusions, Arabic and English abstract, and a list of references.

Chapter one: named ”Non continuous of life and its absurdist” it deals with comparing between the two poets poems. Also precisely we shed lighted on their deference.

Chapter two: named” Epoch and era” it deals with comparing between their poems and their deference attitude about it.

Chapter three: named" Fatalist of Human Being" it deals with comparing between their poems. Also precisely we shed lighted on their deference.

Chapter Four: named" Death" in this chapter we showed some essential their deference attitudes about death.

At the end of the thesis, the main conclusions resulted from this study are presented. This is followed by a list of references.

## پێشەکی:

زۆرجار بایەخی بەرهەمی هەر میللەتێك بەهۆی تێپەڕبوونی بەنێو ئەدەبی بەراوردکاریو پێوانەی کاریگەریو کاردانەوەی لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیو میللەتانی تردا زیاتر دەردەکەوێت، چونکە ئەگەر ئەرکی بنەڕەتیی ئەدەبی بەراوردکاری لێکۆڵینەوە بێت لە سێ دیاردە:((پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەدەبەکاندا، واتە: وەرگێڕان، کاریگەری، لێ وەرگرتن، لێکچوونی تیپۆلۆگی (پۆلێنکردن)، کە پەیوەندی خزمایەتیی (بە ئەدەبەکەوە) نییە، بەڵام لە کاتی توێژینەوەدا ئەو ئەفسانەیە، وێنە، ژانرانە دەردەکەون، کە لە نێوان ئەدەبەکاندا هەن، لە کۆتاییشدا دیاریکردنی ئەدەبی نەتەوەیی، کە وەك پەیوەندییەکی سەربەخۆ لێی تێ دەگەین))[١]. بەم پێیە ئەدەبی بەراورد وێڕای گەڕانی بەدوای کاریگەریو لێ وەرگرتنو دەرخستنی زاڵی ئەدەبی نەتەوەیەك بەسەر ئەدەبی نەتەوەیەکی تردا، هاوکات دەرفەتی جیاوازیو دواجار سەربەخۆییو داهێنانی نەتەوەی دووەم – بەتایبەتی لای شاعیرانو نووسەرانی داهێنەر – دەرەخسێنێ. لەدواییشدا ((ئەدەبی بەراورد گەوهەرێکە بۆ مێژووی ئەدەبو ڕەخنە، لە واتا هاوچەرخەکەیدا، چونکە دەرخەرو دۆزەرەوەی سەرچاوەکانی ڕەوتە هونەریو هزرییەکانی ئەدەبی نەتەوەییەو بەڵگە نەویستە، کە هەر ئەدەبێکی نەتەوەیی لە چاخەکانی گەشانەوەیدا دەگاتەوە بە ئەدەبیاتی جیهانیو هاوکاری دەبێت لە ئاڕاستەکردنی هۆشیاری مرۆڤایەتیو نەتەوەییو تەواوکەرو گەشێنەرەوەی ئەو بەیەکگەیشتنە دەبێت))[٢].

---

١ئالیکساندەر (دیما)، پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بەراورد(وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: ئەنوەر قادر محەمەد)، وەزارەتی ڕۆشنبیری،٢٠١١ ، ل ١٣-١٤.

٢ (الحمدی) د. رامی فواز احمد، النقد الحدیث والادب المقارن، ط١، دار الحامد للنشر والتوزیع، عمان- الأردن، ٢٠٠٨، ل ١٠٩.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: ئەوەیە کە کاریگەربوونی گۆران بە شیعرەکانی خیامو دەرکەوتنی ئەو کاریگەرییە لە شیعرەکانیدا ئەو پرسیارەیە، کە تائێستا ماوەتەوەو توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوەو ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە لەو بوارەدا.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بەپێی میتۆدی بەراوردکاریی ئەنجامدراوە، کە کار لەسەر دەقی پێشینە و دەقی دواتر هاتوو دەکاتو هەمیشەش دەقی پێشینە کاریگەریی کردۆتە سەر دەقی دواتر هاتوو، کە زیاتر بە کاریگەرو کالێکردوو ناسێنراون. توێژینەوەکەش لەم پێشەکییەو چوار بەشو ئەنجامو لیستی سەرچاوەکانو کورتەی عەرەبیو ئینگلیزی پێکهاتووە.

**خیام* و ئەدەبیاتی جیهانی:**

خیام وەك شاعیرێکی جیهانیی لە نێو کەلتووری زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا ناسراوەو خوێندەوارانو ڕۆشنبیران بەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی - بەتایبەتی چوارینەکانی- کاریگەربوون.

بەپێی سەرچاوە مێژووییە متمانە پێکراوەکان یەکەم بڵاوبوونەوەی چوارینەکانی خیام لە ڕۆژئاوا لە بەریتانیاوە دەستیپێکردووە، ئەوەش پاش هاتنی باڵیۆزی بەریتانیا (ئۆزلی) بۆ ئێران لە ساڵی ١٨١٠ز و دواتر گەڕانەوەیو بردنی چەند نوسخەیەکی دەستنووس لە نووسینە گرنگەکان بۆ بەریتانیاو دانی بە زانکۆی ئۆکسفۆرد، ئەمە وایکرد لە ساڵانی ١٨٤٠ز بەدواوە (ئیدوارد بایلز)ی مامۆستای زانکۆی کمبریج چوارینەکانی خیام ببینێو دواتر (فیتز جیراڵد)ی هاوڕێی لێ ئاگادارکردەوەو ئەویش بەشێکی زۆری بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا. (چارلز راکۆل لەنمەن) باوەڕی وایە: ئەگەر (ئۆزلی) نەبوایە ئەوا هیچکات چوارینەکانی خیام بەو شێوەیە بە ئەوروپا نەدەگەیشتو (فیتز جیراڵد) بەو

* (أبوالفتح) عومەری کوڕی ئیبراهیمی خیام ناسراو بە (خیام)ی نەیشاپوری. لەساڵی (٤٣٩ کۆچی مانگی- ١٠٤٨ز) لە نەیشاپور چاوی بەدنیا هەڵهێناوە. سەرچاوە بنەڕتییەکان باس لەوە دەکەن، کە خیام لە داناو ئەستێرەناسو پزیشكو بیرکایزانە بەناوبانگەکان بووەو شاعیریش بووە. هاوسەردەمەکانی خیام ئەبو عەلی سینا لە فەلسەفەدا دایدەنێنو لە ئەستێرەناسیدا قسەکانی بە یەکلاکەرەوە دانراوەو لە کارە گرنگە زانستییەکاندا وەك چاودێریکردنی کەشوهەواو چاککردنی ڕۆژژمێرو هاوشێوەکانیاندا پرسی پێکراوە(بڕوانە: (صفا) د. ذبیح الله، تأریخ ادبیات ایران، انتشارات ققنوس، جلد ٢، چاپ بیستم، تهران، ١٣٨١، ل ٢٦٣-٢٦٧). پاش ٨٧ ساڵ ژیان لە ١٢ی محەڕڕەمی ساڵی (٥٢٦ کۆچی مانگی) کۆچی دوایی کردووە(بڕوانە: (میرزایی نیا) حسین، (نوکاریزی) علی: جستاری در برخی اندیشەهای مشترك عمر خیامو احمد صافی نجفی، نشریەی ادبیات تطبیقی دانشگاه مشهد با هنر کرمان،١٣٩٤ ، شمارەی ١٣ ، سال ٧،

شێوەیە وەرینەدەگێڕا، کە لە سەدەی نۆزدەو بیستدا بە جیهانیی خوێنەرانی زمانی ئینگلیزی ئاشنای کرد.

خیام بۆ یەکەمجار لە ئەمەریکا لە ساڵی ١٨٦٩ز بە وتارێك لە بڵاوکراوەی (ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەمەریکای باکور) لەلایەن (چارلز ئیلیۆت) ناسێنرا، کە (ئیلیۆت) لە پەنای وتارەکەیدا ژمارەیەك لە چوارینەکانی خیامی کە (فیتز جیرالْد) وەریگێڕا بوو بڵاوکردەوە[1]. لە فەرەنسا – لەبری چوارینەکانی- سەرەتا بە کتێبەکانی بواری ماتماتیکی خیام ئاشنا بوون. لە ساڵی ١٨٥١ز (م. ف. وێپکە) کتێبێکی خیامی لە بارەی زانستی جەبرو بیرکاری بڵاوکردەوەو دواتر بۆ زمانی فەرەنسی وەریگێڕا. دواتر (نیکۆلاس) کە وەرگێڕی خانەی وەرگێڕانی فەرەنسا بوو لە تاران‌و فارسی دەزانی – ئەو لەگەڵ سۆفییەکاندا پەیوەندی هەبوو- چوارینەکانی بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕا. ئەڵمانەکانیش زیاتر (خیام) یان لەرێی (فیتز جیرالْد)ەوە ناسی. وەرگێڕی وەك (واڵتەر فۆن، د. پۆرتن) زۆر دەگمەنن کە توانیبێتیان‌و هەوڵیاندابێت ڕاستەوخۆ سۆراغی نوسخە فارسییەکەی خیام بکەن‌و وەریبگێڕن. لێرەوە بەتەواوی لە ساڵی ١٩٣٤ بەدواوەو پاش دامەزراندنی (یانەی عومەر خیام) لە ئەڵمانیا – کە هاوتای (یانەی عومەر خیام) ی ئەمەریکا بوو- خیام ناسرا[2].

**خیام‌و ئەدەبیاتی عەرەبی:**

ئاسان نییە بزانرێت لە کەیەوە شاعیران‌و ڕۆشنبیرانی عەرەب بە چوارینەکانی خیام ئاشنابوون، بەڵام ئەوەی تا ئێستا زانراوە، ئەوەیە: کە (احمد حافظ عوض) یەکەمین کەسە کە لە ساڵی (١٩٠١)دا (٩) چوارینەی خیامی - لە نوسخە ئینگلیزییەکەی فیتز جیرالْدەوە- بۆ عەرەبی وەرگێڕاوەو لەنێو وتارێکیدا بەناوی (شعراء الفرس- عمر الخيام) لە گۆڤاری (المجلە المصريە) بڵاوکردووەتەوە. دوای ئەو (عیسی اسکندر معلوف) لە ساڵی (١٩٠٤) (٦) چوارینەی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەو لە ساڵی (١٩١٠) لە گۆڤاری (الهلال) بەرگی (٦)بڵاویکردووەتەوە. دوای ئەو (وديع البستانی) لە ساڵی (١٩١٢) ئەو چوارینانەی پێشووی بە شیعر لە بری (چوارینە) بە (حەوتینە- سباعی) دایڕشتوون‌و بڵاویکردونەتەوە[3]. بەگشتی دوای ئەو سەردەمە چەند جارێك خیام بە شێوەی پەخشان‌و شیعر بۆ

١ ( رضویی) د. مهدی امین، خیام در غرب، ١٣٩٣، روزنامەای خبرگزاری جمهوری اسلامی، شمارەی ٢٩/ ٢/ ١٣٩٣ .

٢هەمان سەرچاوە، هەروەها: سایتی ویکیپیدیا: دانش نامە.

٣بڕوانە: سایتی ویکیپیدیا دانش نامەی آزاد- رباعیات خیام.

عەرەبی وەرگێڕدراوە، بەڵام سەرکەوتووترین وەرگێڕان بەشیعر - بەڕای لێکۆڵەرانی فارسو عەرەب- وەرگێڕانەکەی شاعیری عێراقی (احمد سافی نەجەفی)یە، کە زۆر شارەزای زمانی فارسی بووەو سێ ساڵی بۆ وەرگێڕانەکەی تەرخانکردووە. دوای ئەویش وەرگێڕانەکەی شاعیری عێراقی (عبدالحق فاضل) دێت[1]. بەگشتی چوارینەکانی خیام تا ئێستا (٨)جار بە عەرەبی بڵاوکراونەتەوە[2].

**خیامو ئەدەبیاتی کوردی:**

دیاریکردنی سەرەتایەك بۆ ئاشنابوونی شاعیرانو نووسەرانی کورد بە خیامو چوارینەکانی ئەستەمە، ئەگەرچی وەك هەندێك لە سەرچاوەکان باسی دەکەن، کۆنترین سەرچاوە، کە چوارینەکانی خیامی تێدا بێت، بۆ کتێبی (نزهە الارواح وروضە الافراح (تاریخ الحکما))ی شارەزوریی- کە دیارە کوردە- دەگەڕێتەوە[3]. هەر لێرەشەوە ئاسان نییە کاریگەری خیام لەسەر شاعیرانی کلاسیكو نوێی کوردی دیاریبکرێت- کە بێگومان هەیە- و لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەی تایبەتو سەربەخۆ – تا ئەم ساتە وەختە- لەبەر دەستدا نییە، بەڵام ڕۆشنبیرانی کورد وەك زۆرێك لە نەتەوە زیندووەکانی دونیا ئاگاداری کەلتووری فارسیو شاعیرانی بوون- لەوانەش خیام- و چوارینەکانی خیامیان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە، لەوانەش وەرگێڕانەکانی (شێخ سەلام)ی شاعیرو وەرگێڕانەکەی (هەژار موکریانی)- کە هەردووکیان بە شیعرن- ئەمە جگە لە وەرگێڕانەکەی گۆران.

ئەوەی تایبەتە بە پەیوەندی گۆران بە خیامەوە – تا ئەم ساتە وەختە- بریتییە لە وەرگێڕانی (٦١) چوارینەی خیام لەلایەن گۆرانەوە، کە لە دیوانی گۆران لاپەڕە ٤٨٧ بەدواوە بڵاوکراوەتەوە، بەبێ هیچ ئاماژەیەك بۆ سەرچاوەکەی یان مێژووی وەرگێڕانەکەی یان زانیاری تر. هەروەها لە پەخشانەکانیشیدا هیچ ئاماژەیەك بە خیام نەکراوە، بەڵام زانینی زمانی فارسیو شارەزایی گۆران لە ئەدەبیاتی فارسی شتێکی زانراوەو وەرگێڕانی چوارینەکانیشی بەڵگەی ئەو ڕاستیەن.

---

١ بڕوانە: (میرزایی نیا) حسین، (نوکاریزی) علی: جستاری در برخی اندیشەهای مشترك عمر خیامو احمد صافی نجفی، نشریەی ادبیات تطبیقی دانشگاە مشهد با هنر کرمان ، سال ٧، شمارەی ١٣ ، ١٣٩٤، ل ٢٢٧.

٢ سایتی ویکیپیدیا دانشنامەی آزاد – رباعیات خیام.

٣ (سبحانی) د.جعفر : تاریخ ادبیات ایران، انتشارات زوار ، ، تهران، ١٣٨٦ ،چاپ اول ، ل ٢٠٩.

## ساغکردنەوەی چوارینەکانی خیام:

ساغکردنەوەی بەرهەمی مرۆڤێك ئێجگار قورسە، کە نزیکترین مێژوو- ئاماژەیەکی ئێجگار کەمی بە بەرهەمەکەی کردبێت- پاش سەد ساڵ لە مردنی بێت![1] . ئەمە ئەگەر مرۆڤێکیش بوو بێت- ڕاستە ئەستێرە ناس و زانایەکی بەناوبانگ بووە- بەڵام لە ڕووی کەسێتییەوە بە گۆشەگیری و کەم دوویی و ساردوسڕی تا ئاستی ڕەقی ناسرابێت[2] . ئەم ناڕوونی و دابڕانە زۆرەش بووەتە مایەی ئەوەی قەبارەی ئەو چوارینانەی کە دراونەتە پاڵ خیام زۆر زیادە ڕەوانەبێت[3] ، بەجۆرێك کە ئاڵۆزی و دژیەکییەکی وای تێدا دروست بووە، وەك (سادق هیدایەت) دەڵێت: ((ئەگەر مرۆڤێك سەد ساڵ تەمەنی کردبێت و ڕۆژی دووجار ئاین و ڕێباز و باوەڕی خۆی گۆڕیبێ توانای وتنی ئەو هەموو بیر و باوەڕانەی نییە!))[4] لێرەوە کۆنترین نوسخەیەك لە شیعری خیام پاش (٣٠٠) ساڵ لە مردنیەتی و ئەو نوسخەیەش وردەکاریی پێویستی تیا نەبووە[5] . بە هەرحاڵ لە ناوخۆی ئێراندا دەوترێت یەکەمین کەسێك هەوڵی ساغکردنەوەی چوارینەکانی خیامی داوە (غلامرضا رشید یاسەمی) بووە، کە لە ساڵی (١٣٠٣ ە.ش )و لەنێوان (٣٤٠) چوارینە کە لە بەردەستیدا بووە (٢٤٠) چوارینەی بە هی خیام زانیوە و چاپی کردووە[6] . دوای ئەو دووەمین کۆمەڵەی چوارینەکانی خیام – کە هەوڵی ساغکردنەوەی بۆ دراوە- (رباعیات خیام)ی سادق هیدایەتە لە ساڵی (١٣٠٣ ە.ش ) بووە و پاش دە ساڵ جارێکی تر لەگەڵ کۆمەڵێك گەڕان و لێکۆڵینەوەدا (ترانە های)ی بە چاپ گەیاند. لە دوای ئەوان ساغکردنەوەیەکی متمانە پێکراو، کەچاپ کرابێت لە ساڵی (١٣٢٠ ە.ش)لەلایەن محەمەد عەلی فروغی و د. قاسم غەنی بووە بەناوی (رباعیات خیام). لە ساڵی (١٣٣٦ ە.ش) شاعیر (ئەحمەدی شاملۆ) نوسخەیەکی لە چوارینەکانی خیام، کە لە (١٢٥) چوارینە پێکهاتووە بەناوی (ترانەها) چاپکرد. دواتر (عەلی دەشتی) لەساڵی (١٣٤٤ ە.ش)کتێبێکی بەناوی (دمی با خیام) – کە لە (١٠١) چوارینە پێکهاتووە- چاپکرد[7] .

---

١ (فروغی) محمد علی و (غنی)د. قاسم، رباعیات خیام، انتشارات اساطیر، ٢٠٠٦(١٣٨٥ ە. ش)، ل ٣١، ٣٢.

٢ (شایگان)د. داریوش، پنج اقلیم حضور، انتشارات فرهنگ معاصر، تهران، ١٣٩٣، چاپی چهارم ، ل ٤٣.

٣ هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

٤ بڕوانە: سایتی برترین های جهان - Top.ir تصحیحات خیام.

٥ بڕوانە: (فروغی) محمد علی، (غنی) د. قاسم: رباعیات خیام، ل ٢٩.

٦ بڕوانە: سایتی: ویکیپیدیا دانشنامەی آزاد، رباعیات خیام.

٧ هەمان سەرچاوە

**ئاڕاستەکانی دنیابینی خیام:**

زۆر بەسەر مردنی خیامدا تێنەپەڕیبوو، کە دیدو بۆچوونی جیاوازو چیرۆكو ئەفسانەی دژبەیەك لە بارەی ژیانو کەسێتی خیام پەیدابوو. بۆ نموونە لە کتێبەکانی وەك (صَوان الحكمە)و(تاریخ الحکما)و (مرصاد العباد)و ... هتد، دەتوانین بەشێك لەم تێڕوانینە جۆراوجۆرو تەنانەت دژانەش ببینین. عەلی زەیدی بەیهەقی لە (صَوان الحكمە)دا بە هێنانی بەسەرهاتێك لەبارەی خیامەوە، کە دەرخەری تواناو زانستی فراوانی ئەوە لە زانستەکانی قورئانداو وتەیەکی ئەبولحەسەنی غەزالی ناسراو بە (امام القراء) هێناوە کە دەڵێت: خودا هاوشێوەی زانایانی وەك ئێوە- مەبەستی خیامە- زۆرتر بکاتو جیهان لە هەبوونی پێشەوایانی پیرۆزی وەك ئێوە خاڵی نەکات، و هەروەها (ابن القفطی) لە کتێبی (تاریخ الحکما) دا خیام بە پێشەواو ئیمامی خۆراسانو عەللامەی سەردەمەکەی ناودەبات، گەرچی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەشی لێدەگرێت، کە ڕواڵەتی شیعرەکانی سۆفییەکانی فریوداوەو ناوەڕۆکی شیعرەکانی دژ بە شەریعەتن. (شێخ نەجمەدینی ڕازی)ش لە (مرصاد العباد) بە پێچەوانەوە باوەڕی وایە، کە خیام گەرچی بە حیکمەتو زانایی بەناوبانگە، بەڵام بەهۆی حیرەتو سەرسامییەوە بەرەو لووتکەی گومڕاییو سەرلێشێواوی ڕۆیشتووەو بۆئەوەش چوارینەی (در دایرەای کآمدنو رفتن ماست) بە بەڵگە هێناوەتەوە [1].

ئەم تێڕوانینە جیاوازانە وایکرد بە تێپەڕبوونی کات چیرۆكو ئەفسانەی جۆراوجۆر دەربارەی خیامو ژیانی پەیدا ببێت - وەك لە کتێبی (طربخانە)ی (یار ئەحمەدی ڕەشیدی تەبریزی)دا ئاماژە بە بەشێك لەو بەسەرهاتانە کراوە - ئەمانەش وایانکرد ژمارەی ئەو چوارینانەی کە درانە پاڵ خیام زۆرتر بن.

بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینی لێکۆڵەرەوەکان لەبارەی خیامەوە دەتوانین لە پێنج ئاڕاستەدا کورتبکەینەوە[2]:

---

١ (حسام پور) د. سعید، (حسنعلی) د. کاووس: رویکردهای پنج گانە در خیام شناسی، سال دهم (١٣٨٨)، فصلنامە علمی پژوهشی کاوش نامە، ، شمارە (١٨).، ص ١٨٤ .

٢ بە پلەی یەکەم بۆ ئەم پۆلێنە پشتمان بەستووە بە : (حسام پور) د. سعید، (حسنعلی) د. کاووس: رویکردهای پنج گانە در خیام شناسی، فصلنامەی علمی پژو هشی کاوش نامە، سال دهم (١٣٨٨)، شمارە (١٨)

١-  ئاڕاستەیەك كە خیام بە شاعیرێكی ڕەشبینو پووچگەراو تەنانەت بەگومان لە ژیانی پاش مەرگو ڕەخنەگر لە درووستكەری بوون دەزانێت. لەوانەش كە ئەم باوەڕەیان هەیە وەك: (سادق هیدایەت)، كە دوو كتێبی (مقدمە رباعیات حكیم خیام – ١٣٠٣- ١٩٢٤)و (ترانەهای خیام – ١٣٣١- ١٩٣٤)ی نووسیوەو دوای ئەو بە ئاستێكی لاوازتر ئەم ئاڕاستەیە لای لێكۆڵەرانی وەك (موجتەبا مینەوی)و (بوزورگی عەلەوی)و (فەردین شیروانی)و (حەسەن شایگان) دەبینرێ.

٢-  ئاڕاستەیەك كە بێباوەڕیو بەدگومانی خیام بە ڕاست دانانێنو وتەی ئەو كەسانەی كە خیام بە مەی خۆر دادەنێن، بە نادرووست دادەنێنو پێیان وایە: (مەی) لای خیام مەجازییەو پایەی خیام لە سەردەمەكەی خۆیدا بڵندو دیار بووەو گەر خیام پرسیاری فەلسەفی هەبووەو حیرەتو سەرسوڕمانیشی بەرامبەر بە بوونەوەرو ژیانو درووستبوونی مرۆڤ هەبووە، ئەوە بەڵگە نییە لەسەر نكوڵیكردن لە ژیانی پاش مردن. لێكۆڵەرانی ئەم ئاڕاستەیە وەك: (محەمەد عەلی فروغیو د. قاسم غەنی)- كە زۆرینەی چوارینە ساغكراوەكانی خیام ئەمان كردوویانەو چاپیان كردووە بە ناوی (رباعیات حكیم خیام نیشاپوری ١٣٢١- ١٩٤٢)و هەروەها (عەلی دەشتی)و (محەمەد فولاوەند)و (ئیسماعیل یەكامی)و (جعفر آقایانی چاوشی)و (عەلیرەزا قەراگەزلو) لە دیارترین لێكۆڵەرەكانی ئەم ئاڕاستەیەن.

٣-  ئاڕاستەیەك كە دەیانەوێ بیسەلمێنن، كە زیاتر لە یەك خیام هەبووە، (عومەر خیام)ی ئەستێرەناسو دانا جیاوازە لە خیامی شاعیر. یەكەمین كەس كە ئەم تێڕوانینەی خستە ڕوو لێكۆڵەر (صدیق نخجوانی) بوو. هۆكارێكی بنەڕەتی درووستبوونی ئەم ئاڕاستەیە زۆری ئەو چوارینە درووستكراوانەن، كە دراونەتە پاڵ خیام، كە تا بەرەو دواتر بێین زیاتر دەبنو هەمەجۆریو دژیەكی واتاكانیانو بەكارهێنانی واژەكانی وەك (ئیمام)و (حوجەت ئەلحەق)و (حەكیم)و هەبوونی كتێبەكانی وەك: (الكون والتكلیف)و نامەكانی لەبارەی بوونو گەردوون لەلایەكو هەبوونی چەندین چوارینە كە بۆنی گومانو بێباوەڕیو ئیلحادی لێدێت - لە لایەكی تر - ئەم ئاڵۆزییەی درووستكردووە. لێرەوە (نخجوانی) لە كتێبی (خیام پنداریو پاسخ افكار قلندراند) كە لە ساڵی (١٣٢٠ه.ش – ١٩٤١ ز) بڵاویكردووەتەوە، باوەڕی وایە خیام لە یەكێك لە نووسینەكانیدا بە ڕوونی لایەنگیری بۆ سۆفیگەریو مەعنەوییەت دەربڕیوەو بە باشترین هۆكاری دەرككردنی حەقیقەتی زانیوەو ئەو

چوارینانەی کە بەناوی ئەوەوە بڵاوکراونەتەوە هی کەسانێکی نەناسراوو دەرۆزەکەرو قەلەندەر بوون، کە لە مەیخانەکاندا گوتوویانە. پاش سی ساڵ (محمد محیط طباطبائی) لە گۆڤاری (گوهر – ١٣٥٢) هەوڵدەدات بیسەلمێنێ کە حەکیم خیامی نیشابوری شاعیر نەبووەو ئەو چوارینانەی دراونەتە پاڵی، دانراوی شاعیرێکن بەناوی (عەلی خیام) کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچی – واتە: زیاتر لە دوو سەدە لەدوای عومەر خیام- ژیاوە؛ کە (ابن فوطی) لە کتێبی (مجمع الاداب و معجم الالقاب) ئاماژەی پێکردووە.

لێکۆڵەرێکی ناوداری تر، کە (عەللامە محمد تقی جعفری) یە لە پێشەکی کتێبی (تحلیل شخصیت خیام) کە لە ساڵی (١٣٦٥ ه.ش- ١٩٨٧ز) چاپکراوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە (ابوالفتح عومەری کوڕی ئیبراهیمی خیام) جیایە لە خیامی چوارینە بێژ. کە سێك کە فەیلەسوف‌و بیرکاری زان‌و ئەستێرەناس بووبێت خەڵك بە ئیمام‌و (حجە الخلق) ناویببەن، ناکرێت بێژەری چوارینەگەلێك بێت هانی خەڵکی بدات بۆ ڕابواردن‌و مەیخواردنەوەو بێباك بوون.

٤- ئاڕاستەیەك بەدیدێکی عیرفانی‌و سۆفیگەری شیعرەکانی خیام ڕاڤە دەکات؛ (عەباسعەلی کەیوان قەزوینی) لە ساڵی (١٣٠٥ ه.ش – ١٩٢٦ز) ڕاڤەیەکی لەسەر چوارینەکان لە دیدێکی عیرفانییەوە نووسی‌و لە کۆندا (ابن القفطی) لە (تاریخ الحکماء) دا چوارینەکانی خیام بە مارێکی خاڵدارو جوان ناودەبات، کە سۆفییەکان لێکدانەوەی سۆفییانەی لێوەردەگرن. لە ئەوروپا بۆ یەکەمجار (نیکلا) لەڕێی وەرگێڕانی فەرەنسی چوارینەکانەوە بە بەرگێکی عیرفانیی خیامی بە خەڵك ناساندو پشتی بە نوسخەیك بەستبوو پڕبوو لە چوارینەی دروستکراوو ژمارەیان زیاتر لە (٧٠٠) چوارینە بوو. لێکۆڵەری ئەمریکی بە ڕەگەز ئێرانی (د. سید حسین نصر) باوەڕی وایە: خیام لەسەردەمی خۆیدا وەك مامۆستای زانستی ماتماتیك‌و شوێنکەوتووی فەلسەفەی یۆنانی‌و ئیبن سینا ناسراوەو هەروەها ئەو وەك یەکێك لە سۆفییەکان ناسراوە، بەڵام جیا لە سۆفییەکانی ترو بەهۆی کەمی نووسین‌و ونبوونی بەشێك لە نووسینەکانی ئاڵۆزی دروستبووە.

لێکۆڵەرە هیندییەکانیش زیاتر ڕاڤەیەکی عیرفانییان بۆ خیام هەیە، وەك: (عبدالرزاق کانپوری) هەروەها کەسێك بەناوی (عومەر عەلیشا) بانگەشەی هەبوونی نووسخەیەکی خیامی کردووە، مێژووەکەی بۆ (٨٠٠) ساڵ دەگەڕێتەوەو لە بنەماڵەکەیەوە کە سۆفیبوون ماوەتەوە.

٥- ئاراستەیەکی تر باوەڕی وایە: خیامی شاعیر کەسێکی ئەفسانەیی‌و دروستکراوەو جیایە لە خیامی زاناو ئەستێرە ناس. (سیروس ذکاء) لە ساڵی (١٣٧٩ ه. ش- ٢٠٠٠ز) وتارێکی لێکۆڵەری فەرەنسی (ژیلبر لازار) بەناوی (خیام شاعیری ناڕوون) وەرگێڕا لەم وتارەدا نووسەر بەدوادا چوونی بۆ تێڕ‌ِوانینی (ف. دوبلوا) کردووەو هەڵسەنگاندن بۆ ئەو تێڕوانینە دەکات کە دوبلوا دەیخاتە ڕوو پێیوایە: خیام ئەفسانەیەکە لە سەر بنەمای بەسەرهاتی سێ هاوڕێی قوتابخانە دروستبووە: ئەوانیش عومەر خیامی فەیلەسوف‌و (نیظام الملك) ی وەزیرو (حسن الصباح) سەرۆکی خەباتکارەکان بووەو لەبەرئەوەی لە دنیای ئەو سەردەمەی ئیسلامدا فەیلەسوفەکان وەك دوژمنی ئایینی‌و ڕەوشت وێنا کراون زۆر بە ئاسانی عومەر خیام بووە بە نوێنەرو خاوەنی ئەم چوارینانە. کەچی (ژیلبر لازار) دوو رەخنە لەم تێڕوانینە دەگرێت:

١- لەکۆندا نووسەرانی وەك: (نجم الدین الراضی)و(ابن القفطی)و (عطار) باسی خیامیان کردووەو ئەمانەش کەسی ساویلکەو بێئاگا نەبوون. ٢- لە بەسەرهاتی سێ هاوڕێکەدا باسی هیچ شیعرێك نەهاتووە تا پەیوەندی نێوان شاعیرێتی خیام یان نەبوونی بسەلمێنێ[1] .

**دنیا بینی خیام:**

باسکردن لە دنیا بینی خیام – بە گرنگترو لە پێشتر دادەنێین لە هەموو بوارەکانی تر- چونکە (خیام بەمانا زاراوەییەکەی سەردەمی خۆی شاعیر نەبووە وەك: قەسیدەبێژانێکی وەکو (عنصری) و (فرخی)و (منوچهری)و (انوری)و نە لەڕیزی (فردوسی)و (نظامی)دایە. پیشەی ئەوان شاعیری بووە، بەڵام بەڵگە نەویستە ئەم لە دیارترین کەسەکانە شیعری بۆ بیرو هزرە فەلسەفییەکانی بەکارهێناوەو وەك دەردەکەوێت پێویستییەکی دەروونی‌و ڕۆحی ئەوی بەرەو ئاڕاستەی شیعر ڕاکێشاوە)[2] .

بەگشتی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ستایلی خیام بەکارهێنانی واژەو تەکنیکی هونەرییە کە دەربڕی زوو تێپەڕی زەمان‌و تەمەنە[3] . ئەگەر وردیش ببینەوە تەوەری بنەڕەتی بیری ئەو لە سێ

---

١ د. سعید حسامپور، د. کاووس حسنعلی : رویکردهای پنجگانە در خیام شناسی ، فصلنامە علمی پژوهشی، کاوش نامە، سال دهم (١٣٨٨ ه.ش) شمارە _١٨_ ، ل ٩٨.

٢ فاتح رحمانی، محمد هادی مرادی: گامی برای ێمادەسازی رباعیات خیام برای تحلیل های روان شناختی، سال -١٩- ١٣٩٦، شمارە -٦٦-، مجلە متن پژوهی ادبی، ل ١٧٢.

٣ (باقری زاد) داود ، د.میر جلال الدین (کزازی): بر رسی سبك‌و شیوەی خیام در رباعی از منظر ارایەهای ادبی ،SI D، 1394 ،. Pdf

بابەت زیاتر نییە: بیر کردنەوە لە مەرگ، کاریگەربوون بە نابەردەوامی ژیان، بێ بەهایی ژیان و بێ بەهایی ڕۆژگار[1] .

بەگشتی بە پێی ئەو لێکۆڵەرانەی کاریان لەسەر پۆلێنکردنی ئاڕاستەکانی دنیابینی خیام کردووە لەڕێی ناوەڕۆکو واتای چوارینەکانییەوە - دنیابینی خیام- پۆلێن دەکرێت بۆ ئەم تەوەرانە:

(- نابەردەوامیو گۆڕانی بەردەوامی جیهان دژ بە مرۆڤ، بەتایبەتی ناسازیی لەگەڵ مرۆڤە داناکاندا.

- بە هەلزانینی ژیان بۆ ڕابواردن، چونکە بە باوەڕی ئەو ئەگەر ژیان لەلایەك پڕبێت لە خەمو بێوەفایی، لەلایەکی ترەوە لەناوچوون چاوەڕێی مرۆڤ بکات؛ ئەوا دەبێت مرۆڤ چارەیەك بۆ ئەم هەموو خەمە بدۆزێتەوەو چارەش لە پەنا بردن بۆ مەیو ڕابواردنو خۆشیو بە هەلزانینی ئەم دەرفەتەی ژیاندایە.

- ئامادەیی مەرگو بێزاری لە مردن: یەکێکە لە بنچینەییترین دنیا بینییەکانی خیام. خیام پێمان دەڵێت ئەم جیهانە نە سەرەتای هەیەو نە کۆتاییەك، هەموو شتێك تێپەڕە. مردن لە هەموو ساتێکدا لە کەمیندایە بۆمانو لە ترۆپکی ژیاندا بێ بەزەییانە لە کەمینگاکەی خۆیدا دەردەپەڕێو پێمان دەڵێت: من لێرەم. بۆیە هەموو شتێك مەحکوومە بە فەنابوونو لەناوچوون.

– باوەڕبوون بە جەبرییەت: خیام مرۆڤ بە ژێر دەستەی ویستی بوون دادەنێتو باوەڕی وایە هەموو شتێك بە قەزاوقەدەر بڕاوەتەوەو مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی لە کارو چارەنووسی خۆیدا نییە.

– سکاڵاو ناڕازیبوون لە گەردوونو ژیان، ئەمەش زیاتر لە ئەنجامی خۆ بە جەبریو ژێر دەستەی سرووشتو ژیان بینینەوەیەو وا هەست دەکات مرۆڤ لەژێر یەك سیستمی بێ بەزەییو ستەمکاردایە.

– بە نهێنی مانەوەی جیهانو نەزانینی ئەونهێنییە لای مرۆڤ: بۆ هاتووەو لەکوێوە هاتووەو بۆ کوێ دەڕوات.

---

[1] د. جعفر سبحانی: تاریخ ادبیات ایران، چاپی اول: ١٣٨٦ ە. ش، انتشارات زوار، تهران، ل ٢١٠.

– بوونی کێشە لەگەڵ جیهانی سەروو مادەو پاش مەرگ: لێرەوە دەبینین خیام ناوبەناو هەوڵی ڕەتکردنەوەی بەهەشتو دۆزەخ دەداتو زۆرجار لەڕێگەی تیغی ژەهراوی تەنزەوە ئەو کارە ئەنجام دەدات.

– دژە ساختەگەریی تەوەرێکی تری ئایدیاکانی خیامە: بەتایبەتی ساختەگەریی زاهیدو سۆفیو شێخو هەرکەسێکی کۆمەڵایەتیی ڕواڵەتییە، لە هەوڵی لادانی پەردەی ڕیاکارانەی ئەو کەسانەدایە.

– ڕەندیو یاخیبوون: یەکێکی ترە لە دنیا بینییەکانی خیام، ئەمەش جۆرێکە لە ڕووبەڕوو بوونەوەو ڕاپەڕین دژی سادە باوەڕی کۆمەڵ؛ خیام لەم ڕووەوە بە زمانێکی ڕاستەوخۆو ڕوونو تەنز ئامێز دژی باوەڕە گشتییەکانی خەڵك دەجەنگێت.)[1]

بەوپێیە بەگشتی ئایدیاکانی ناو شیعرەکانی خیام ٩ ئایدیان، بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە توێژینەوەکەماندا پشتمان پێ بەستووەو لەسەر ئەو بنەمایەش بەناو شیعرەکانی گۆراندا گەڕاوینو لێکچوونو جیاوازییەکانیانمان خستۆتەڕوو. نموونەمان بۆ گشت ئایدیا پۆلێنکراوەکانی خیام لای گۆران بینیوەتەوە، بەڵام بۆئەوەی لێکۆڵینەوەکە زۆر درێژە نەکێشێت چوار ئایدیامان هەڵبژاردووە، تا نموونە لێکچووو جیاوازەکانی هەردوو شاعیری لەسەر تاوو توێ بکەین. بەهۆی زۆری داتاکانەوە، گوڵبژێرمان لە نموونەکاندا کردووە، کە بەڵگەی هەبوونی کاریگەری ئایدیای چوارینەکانی خیامن لەسەر ئایدیای شیعرو کۆپلەو دێڕی شیعریی لای گۆرانو لەتوێژینەوەکەدا خستوومانەتە ڕوو.

### بەشی یەکەم: نابەردەوامی دنیاو پووچی ژیان:

کۆی چوارینە ساغکراوەکانی خیام – بەپێی ئەو سەرچاوەیەی کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کردوومانەتە بنەما [2] – ١٧٨ چوارینەیە، کە لە ٥٢ چوارینەدا ئایدیای دنیاو پووچی ژیان هەیە[3].

١ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (ذاکری) د. احد: حافظو خیام، مجلە دانشکدەای ادبیاتو علوم انسانی، دانشگاە تهران، SI D. ، ل ١٧٠، ١٧٧.و داریوش شایگان: پنج اقلیم حضور، ل ٤٤.

٢رباعیات خیام، تصحیح محمد علی فروغی و دکتر قاسم غنی،/ ٢٠٠٦(١٣٨٥)

٣ ئەو چوارینانەی کە ئایدیای بەردەوامی دنیاو پووچی ژیانیان تێدایە ئەمانەن: چوارینەکانی ژمارە: (٧، ١٥، ، ١٧١، ١٧٧)

ئایدیای نابەردەوامی دنیاو پووچی ژیان لە سەرجەم شیعرەکانی دیوانی گۆراندا لە سێ شوێندا ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەمانەن: ((کەنیشکە جوانەکە ! ل ٧٠)، (هاوڕێم بێ کەس ل٨٩ نیوە دێڕەکانی ١-٦)، (گوڵی لاولاو[1] ل٢٢٣ نیوە دێڕەکانی ٩- ١٢)).

گۆران لە شیعری (کەنیشکە جوانەکە !) دا باس لە پیربوونو لەناوچوونو ( الی الابد نەبوون) نەبوونی ژیانی تاهەتایی دەکات بۆ گشت کەس، ئەم بیرۆکەیەش تەبایە لەگەڵ ئایدیای نابەردەوامی دنیاو پووچی ژیاندا. گۆران کە لەگەڵ کەنیشکە جوانەکەدا دەدوێت پێی دەڵێت:( کە پیر بووی لەبەر خەساری دڵان ئەکێشی ئاهی تەحەسسور هەر بۆیە ساتەکانی ژیان بەفیڕۆ مەدەو بیقۆزەرەوە. کە لەشیعرەکەدا لە سێ شوێندا دیدی خیامی دیارە، وەك:

١- (الی الابد) نی یە بۆ کەس مەلاحەتو شەوکەت

هەموو بەهارێ مرووری سەریعە بەرق میثال ! دیوانی گۆران/کەنیشکە جوانەکە ! ل ٧٠

خەیام لە چوارینەی ژمارە (٦٣) دا گوتوویەتی:

افسوس کە نامەی جوانی طی شد

واتە: جێی داخە کە نامەی گەنجی پێچرایەوە

وان تازە بهار زندگانی دی شد — تازە بەهاری ژیان تێپەڕی

آن مرغ طرب کە نام او بود شباب — ئەو باڵندە خۆش خوانە کە ناوی گەنجی بوو

فریاد ندانم کە کی آمدو کی شد [2] — ئەی هاوار ! نازانم کەی هاتو کەی چوو

خیام تەمەنو ژیانی گەنجی بە بەهار دەچوێنێ، چونکە زۆر کورتەو بەزوویی تێدەپەڕێت، هەروەك دەڵێت: (ئەی هاوار ! نازانم کەی هاتو کەی چوو)، گۆرانیش لە ئامۆژگاری کەنیشکە جوانەکە دا پێی دەڵێت: دنیای هەتاهەتایی بۆ کەس نییە جوانیی (مەلاحەتو شەوکەت)، کە وەك بەهار وایەو وەك برووسکە تێدەپەڕێت – هەموو بەهارێ مرووری سەریعە بەرق میثال-. هەروەها هەمان بیرۆکەی تەمەن کورتی لە چوارینەی ژمارە (١٨)ی خیامدا هەیە، کە باسی (تێپەڕینی دوو سێ ڕۆژی تەمەن دەکات، کە وەك ئاوی جۆگاو با بەدەشتدا تێدەپەڕێت) دەڵێت:

---

١ هەرچەندە ئەم شیعرە لە ئەدەبی ئینگلیزییەوە وەرگێڕراوە، بەڵام پێمان وایە وەك ئایدیا گۆران تەواو باوەڕی پێی هەبووەو لەگەڵیا بووە بۆیە وەریگێڕاوە .

٢ رباعیات خیام، تصحیح محمد علی فروغی و دکتر قاسم غنی،/ ٢٠٠٦(١٣٨٥)، ل ٨٠

اين يك دو سه روزه نوبت عمر گذشت		چون آب به جويبارو چون باد به دشت

هرگز غم دو روز مرا ياد نگشت		روز كه نيامده استو روزى كه گذشت [1]

ئەمە لەبارێكدا، كە گۆران ئەم چوارینەیەی وەرگێڕاوە بە:

ئەم یەك دوو ڕۆژەی عومر چوو بەسەر		وەك ئاوی ناوچەم، وەك بای دەشتودەر،

لەڕۆژان هەرگیز خەم ناخۆم بۆ دوو		ئەوەی تێپەڕیو ئەوەی دێتە دەر[2] !

٢- ئەبینی ئاخری ڕۆژێ سوقووط ئەكا مەقهوور،

لەژێری پێ یی عەجووزا ئەبێتە تۆزو غوبار !		دیوانی گۆران: كەنیشكە جوانەكە ! ل ٧٠

گۆران جگە لەوەی بەگشتی باس لە تەمەنی كورت دەكات، بەتایبەتی باسی تەمەنی كورتی گەنجێتی دەكات لەو دێڕە شیعرەدا بەوەش كەوتۆتە بەر كاریگەری ئایدیای نابەردەوامی دنیاو پووچی ژیان، وەك ئەوەی یەكێكە لە ئایدیا سەرەكییەكانی خیام. لەهەمان كاتیشدا لەژێر كاریگەریی بەكارهێنانەوەی فرێزو ئایدیاكانی تری خیامیشدایە، لەوەدا كە دەستەواژەی (تۆزو غوبار) ی بەكارهێناوە لەم دێڕەدا، كە تۆزو غوبار لە چوارینەی ژ (١٠٤) ی خیامدا هەیەو كەرەستەیەكی ئێجگار زۆرە لای خیام كە شتەكان دەبنەوە بە خاكو تۆز:

اين اهل قبور خاك گشتندو غبار		واتە: ئەو گۆڕانە بوونەوە بە خاكو تۆز

هر ذرّه زهر ذرّه گرفتند كنار		هەر گەردیلەیەك لەتەنیشت گەردیلەیەكەوە كەناری گرتووە

آه اين چه شراب است كه تا روز شمار		ئاخ ئەوە چ شەرابێكە كە تا ڕۆژی حساب

بى خود شده و بى خبرند از همه كار[3]		بێ هۆشو بێ ئاگا بوون لە هەموو كارێك

٣- بەڵام سبەینێ كە پیری وەكو و حولوولی خەزان ،

بە ڕەنگی زەردەوە دەستی لە گەردنت ئاڵان ؛

وێنەی (دەست لە گەردن ئاڵاندن) ی پیری، كە وەك هاتنی خەزانی تەمەنە. وێنەیەكی ڕەشبینانەی تەواو خەیامیانەیەو لێكچووە لەگەڵ وێنەی ئەم چوارینەیەی كە دەڵێت: (ئەم دەسكی گۆزەیەی كە

---

١ رباعيات خيام، ل ٦٩.

٢دیوانی گۆران ( سەرجەمی بەرهەمی گۆران)، محمدی مەلا كریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل٤٩٨

٣ رباعيات خيام، ل ٩١

دەیبینی دەستی عاشقێك بوو كە لە ملی مەعشووقە جوانەكەی كردبوو، بەڵام ئێستا بوون بە خۆڵ و گۆزەیان لێ دروستكراوە).

این کوزه چو من عاشق زاری بود است        در بند سر زلف نگاری بوده است

این دسته که بر گردنی او می بینی        دستی است که بر گردن یاری بوده است [1]

گۆران لە شیعری (هاوڕێم بێ كەس ! ل ٨٣) دا دەڵێت:

جوانیی باڵاو دەمو چاو        بەهرەی تاسەر نین بۆ پیاو

هەزار چاو جوان، قەد باریك        كەوتوونە چاڵی تاریك

چی بە جێ ما لە دوایان        بۆ دۆستو ئاشنایان ؟

ئایدیای ئەم كۆپلەیە باس لە نابەردەوامی دنیایە. گۆران لەڕێی باسكردنی كەوتنە چاڵی تاریكی پیاوو چاو جوانو قەدباریكەكانەوە ئەوە دەخاتە ڕوو، كە جوانیو تەمەنی گشت مرۆڤێك تاسەر نییەو ڕۆژێك هەر كۆتاییان پێدێتو دەبێت بخرێنە چاڵ (قەبر)ەوە. دەستەواژەی (چاڵی تاریك) لای خیام چەندین جارو بۆ چەند بۆنەیەك دووبارە بۆتەوە، بۆ نموونە لە چوارینەی ژمارە (١٣٧) دا دەڵێت:

ای دیده اگر کور نه‌ای گور ببین        واتە:        ئەی بینایی ئەگەر كوێر نیت گۆڕ ببینە

وین عالم پر فتنه‌و پر شور ببین        ئەم جیهانی پڕ فیتنەو ئاشووبە ببینە

شاهانو سرانو سروران زیر گل اند        شاهانو گەورەو سەروەران لەژێر گڵدان

روهای چو مه در دهن مور ببین [2]        ڕوومەت وەك مانگەكان لە چاڵی مێروودا ببینە

لەلایەكەوە خیام نموونەكانی لە شاو گەورە پیاوو سەروەرەكان دەهێنێتەوە، كە ژیان تاسەر نییە بۆیانو دەبێ بكەونە چاڵ، لە لایەكی ترەوە لە ڕوومەت وەك مانگەكان. گۆرانیش نموونەكانی بریتین لە :(هەزار چاوجوان، قەدباریك، باڵاو دەمو چاو جوانەكان)، كە هەر دەبێ بكەونە چاڵی تاریك. بەڵام گەرچی گۆران لە ژێر كاریگەریی بیرەكەی خیام دایە لەو كۆپلەیەدا، كەچی وەك كێبڕكێكەرێكی خیام ئەسپی خۆی زیاتر تاو دەداتو دەیەوێت بیرەكەی خیامیش تێپەڕێنێت، تا جۆرێك جوانی بدۆزێتەوە كە نەمر بێت، ئەویش بریتییە لە جوانی (گیان)، جوانییەكە كە جەستەیی نییەو سەرچاوەكەی لە ناخو گیانەوەیە، وەك دەڵێت:

١ رباعیات خیام، ل ٦٨

٢ رباعیات خیام، ل ٦٨ .

یەك جوانییە : بای پایز گەڵای زەرد ناکا هەگیز،
کە لە گیان، سەرچاوەی دڵ سەرهەڵئەدا قوڵە قوڵ !

ئەمەش لەگەڵ بیرۆکەی هەمووومان ئەمرین‌و ئەبینەوە بە خۆڵ دێتەوەو بەلای گۆرانەوە بوونەوە بە خۆڵ گەرچی ئەنجامێکی خۆ لێ لانەدراوە، بەڵام بەهرەی جوان‌و ڕەوشتی جوان وا دەکات مرۆڤ ناوبانگی بە نەمری بمێنێتەوە با جەستەشی هەر بڕزێت[1] .

لێرەوە جیاوازی لە نێوان خیام‌و گۆراندا دەردەکەوێت، گەرچی لایەنی لێکچوونی تەواویش هەیە: لەوەدا کە لای خیام کەوتنە چاڵی تاریك‌و بوونەوە بە خۆڵ کۆتا قسەیە، بەڵام گۆران وەك ئەوەیە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو بۆچوونەی خیام بکات‌و بیەوێ زیاتر ئەسپی شیعری تاو بدات‌و وەڵامی بۆ چوونەکەی خیام بداتەوە، بۆیە دەڵێت: گەرچی هەموومان دەبینەوە بە خۆڵ بەڵام خووو ڕەوشتی جوان‌و بەهرەی جوان ئەو تایبەتمەندییانەن مرۆڤ بە نەمری دەهێڵنەوە کاتێك لە ناخی پاك‌و جوانەوە هەڵقوڵاون‌و مردن دەستی پێیان ناگات[2] .

**بەشی دووەم: چەرخ‌و زەمانە:**

یەکێکی تر لە ئایدیاکانی چوارینەکانی خیام چەرخ‌و زەمانەیە. لە کۆی ئەو چوارینانەی خیام، کە بیری سەرەکییان قسەکردنە لەسەر چەرخ‌و زەمانە کە ژمارەیان نۆ چوارینەیە[3] ، لە هەشتیاندا چەرخ‌و زەمانە بە شێوەیەکی نێگەتیڤ خراوەتە ڕوو، تەنیا لە چوارینەی ژمارە (١٧٢) دا چەرخ بەبێ دەسەڵات لە قەڵەم دەدات. وەك ئەوەی چۆن مرۆڤ بە جەبریی کەوتۆتە نێو گێژاوو سەرگەردانی ژیانەوە، چەرخیش هەروا کەوتۆتە ئەو سەرگەردانییەوە.

---

١ گۆران لە شیعری (بۆ گوڵی لاو لاو ٢٢٣) دا کە لە ئەدەبی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە، تیایدا باس لە ژیان دەکات کە لە شەونمی سەر گیا دەچێت، لای خیام وێنەو دەستەواژەی شەونمی سەر گیا زۆرە. وەك :

ای دل همه اسباب جهان خواسته گیر باغ طربت به سبزه آراسته گیر
وانگاه بر آن سبزه شبی چون شبنم بنشسته‌و بامداد بر خاسته گیر بڕوانە: رباعیات خیام، ل ٩٠.

٢ ئەم تێڕوانینەی گۆران تەبایە لەگەڵ تێروانینێکی فیۆرباغ. بڕوانە: د. سەبور عەبدولکەریم(شکار) ، چەمکی ژیان‌و مردن لە شیعری مەولەوی‌و مەولانای ڕۆمی دا، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠١٤. ل ٩٢.

٣ چوارینەکان ئەمانەن: ژمارە (١٢، ٢٦، ٢٧، ٦٨، ١٠١، ١٤٥، ١٥٢، ١٧٢، ١٧٦). بڕوانە: رباعیات خیام، تصحیح محمد علی فروغی و دکتر قاسم غنی،/ ٢٠٠٦(١٣٨٥)

لەدوای گەڕانمان بە ناو شیعرەکانی گۆراندا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە گۆران لە (١٢) وێنەدا تاڕادەیەکی زۆر بەڕاستەوخۆ باسی چەرخو زەمانەی کردووە[١] . گۆران لە (١١) جێیاندا گلەیی لە چەرخ دەکاتو نێگەتیڤانە دەیخاتە ڕوو، تەنیا لە یەك شوێندا نەبێت کە لە باسی بەختی ڕەشییدا چەرخی بە پۆزەتیڤ باس کردووە، ئەویش لە پاش هێنانەوەی هۆیەکی هونەریی، وەك ئەوەی دەڵێت: (چونکە شەبیهە بەو زوڵفی سیایەت)[٢] ، واتە: هەرچەندە چەرخ بۆ من باش نییەو بەختەکەمی ڕەشکردووە، بەڵام چونکە ڕەشییەکەی لە زوڵفی یار دەچێت، ئەوا شکاتی لێ ناکەمو گلەییم لێی نییە، بگرە خۆشەویستیشە لام. خیام لە چوارینەی ژمارە (١٧٢) دا بەم شێوەیە باسی چەرخ دەکات:

در گوش دلم گفت فلك پنهانی واتە: بەگوێی دڵمدا چەرخ بە نهێنی گوتی:

حکمی که قضا بود زمن می دانی بڕیارێك کە هی قەزاوقەدەرە بە هی منی دەزانی؟

در گردش خویش اگر مرا دست بُدی ئەگەر لە سووڕانی خۆمدا دەسەڵاتم هەبوایە

خودرا برهاندمی زسر گردانی خۆمم لەم سەرگەردانییە دەردەهانی

واتە: خیام دەڵێت: هەر چۆن مرۆڤ گلەیی لەو هێزە دەکات کە هەڵسوڕێنەری دنیایەو مرۆڤی سەرگەردان کردووە، چەرخیش بە هەمان شێوە بێ دەسەڵاتەو دەردەدڵ دەکات لە دەست ئەو سەرگەردانییەی کە تێی کەوتووە. کەواتە خیام دەیەوێت لەڕێی بە بێدەسەڵات پیشاندانی چەرخەوە قەناعەتمان پێبکات کە چەرخ خراپ نییەو خراپەی دنیالەمەوە نییە. گۆرانیش لەم دێڕەیدا:

لە بەختی تاری شەو ناکەم شکایەت،

شەبیهە چونکە بەو زوڵفی سیایەت ! دیوانی گۆران / لە بەختی تار .. ل ٦٨

هۆیەکیی ئێستاتیکییانە دێنێتەوە، هەتا بڵێت: هەرچەندە من گلەییم لە چەرخە- بەپێی باوەڕی خۆم( واتە: خیام)- چونکە بەدبەختی کردووم، بەڵام ئەمجارە لەبەر ئەوەی لە زوڵفی یارم دەچێت جوانو خۆشەویستە لام هیچ گلەییم نییە.

---

١ بڕوانە دیوانی گۆران: تاوێ نەگەڕا .. ل ٦٧ ند - ١، ٢- ، لە بەختی تار ... ل ٦٨ ند -١، ٢- ، شیوەنی گوڵاڵە ل ٩٧ ند - ١٥، ١٦- ، دەروێش عەبدوڵڵا ل ١٢٠ ند – ٣، ٤- ،دەروێش عەبدڵڵا ل ١١٩ ند -١٣، ١٤- ، دەروێش عەبدوڵڵا ل ١٢٠ ند – ١، ٢- ، ئاخ، هەزار ئاخ ... ل ١٨٥ ند – ١١، ١٢- ، ئاخ، هەزار ئاخ ... ل ١٨٦ ند – ٩- ١٤- ، ئیلهامی ((هاوار)) ل ١٨٧ ند – ٧، ٨- ، بۆ هیوای کوڕم ل ٢٠١ ند – ١٥، ١٦- ، بۆ هیوای کوڕم ل ٢٠٢ ند – ٣- ١٠- ، بۆ گوڵی لاولاو ل ٢٢٣ ند – ٧، ٨ .

٢ بڕوانە: دیوانی گۆران ، تاوێ نەگەڕا .. ل ٦٧ ند – ١، ٢.

خیام بەردەوام گازەندەیەکی زۆری لەدەست چەرخ هەیە، بۆیەش لەم چوارینەیەدا دەڵێت:

گر کار فلك به عدل سنجیده بُدی واته: ئەگەر کاری فەلەك بەجێو دادپەروەرانەو ژیرانە بوایە

احوال فلك جمله پسندیده بُدی ئەوا کاری گەردوون سەرتاپای پەسەندکراو دەبوو

ور عدل بُدی به کارها در گردون ئەگەر دادپەروەریو ڕێکی لە کاری گەردووندا هەبوایە

کی خاطر اهل فضل رنجیده بُدی [1] کەی دڵی خەڵکی خاوەن چاکەو ژیریی دەڕەنجێنرا

لێرەدا کە خیام گلەیی لە چەرخ هەیە، بەهۆی ئەوەوەیە کە چەرخ غەددارەو خاتری خەڵکی خاوەن چاکەو هونەرمەندو ڕۆشنبیرو دانشمەندی لانییەو هەمیشە پێچەوانەی خواستی ئەوان دەسوڕێتەوە. هەر تەریب بەم دنیا بینییەی خیام، گۆرانیش ڕوودەکاتە دەروێش عەبدوڵڵاو پێی دەڵێت:

بەڵام چی بکەین لەناو چاوی ڕەشی بەعضێ ذەکای گەورە،

وەکو تۆوی گوڵی دەم – با – لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن دیوانی گۆران/ دەروێش عەبدوڵڵا ل١١٩

واتە هەرچەندە تۆ عەقڵێکی گەورە (ذەکای گەورە)یت، بەڵام لە کاتو شوێنێکی نەگونجاودا – وەك تۆوێك کە لەسەر بەردی ڕەق بڕوێت- هاتوویتە دنیاوە، ئەگینا:

ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکومی ئەم دەورە

نەکردایە، خوا عالم، لەکام عەرشت ئەسوو داوێن ؟! دیوانی گۆران / دەروێش عەبدوڵڵا ل ١٢٠

کەواتە: خیلقەت ( گەردوون) تەمەنی تۆی حوکم داوە بەوەی لەم کاتو شوێنەدا بێیتە دنیاوە، کە قەدرت نازانن، ئەگینا تۆ ئەوەندە بەهرەمەندی (خاوەن فەزڵی) دەبوو لە خۆشترین کۆشكو سەرادا بوویتایەو (داوێنت لە عەرش بسوایە).

وەك وتمان خیام لە چەندین چوارینەی تردا بە خراپ باس لە فەلەك (گەردوون) دەکات، هەر بۆیە لەم چوارینەیەشدا دەڵێت:

ای چرخ فلك خرابی از کینەی تست واتە: ئەی چەرخی گەردوون وێرانی لە ڕقو کینەی تۆوە سەرچاوەی گرتووە

بیدادگری شیوەی دیرینەی تست نادادپەروەری شێوەو خووی دێرینەی تۆیە

---

١ رباعیات خیام ، ل ١٠٨ .

ای خاك اگر سینەی تو بشکافند          ئەی خاك ئەگەر سنگی تۆ هەڵدڕن

بس گوهر قیمتی که در سینەی توست [1]          زۆر گەوهەری بەنرخ لە سنگی تۆدایە

خیام لەو چوارینەیەدا زۆر بە ڕاشکاوانە بە نێگەتیڤ باسی چەرخ دەکات، کە وێرانکەرەو نادادپەروەریشە، تادەگاتە ئەوەی دەڵێت: تۆ ئەوەندە خراپی هەموو جوانو سەرگەورەو خەڵکە خاوەن بەهرەو ئەقڵەکانت لەسنگتدا شاردۆتەوە، واتە: گلەییەکی بێشوماری لە چەرخ (خاك) هەیە. هەروەها بە جۆرێکی تریش کاریگەریی خیام لەسەر گۆران دەرکەوتووە، لەوەدا کە خیام خەم بۆ گەوهەرە بەنرخەکان (خاوەن بەهرەکان – گوهر قیمتی) دەخوات، هەروەك ئەوەی گۆرانیش گلەیی لە گەردوون (خیلقەت) دەکات لەبەرخاتری دەروێش عەبدوڵڵای هونەرمەند، کە بەهای هونەرەکەی لەناو خەڵکێکی ناشیدا ونە. وەك ئەوەی گۆران دەگاتە ئەوەی ڕووبکاتە دەروێش عەبدوڵڵاو بڵێت:"بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی [2] !" ، واتە: ئەزانم مردنت پێ خۆشترە لەوەی شمشاڵ بۆ ناشی لێبدەیت، چونکە نرخی نازانن.

یەکێکی تر لەو بیرۆکانەی لەم ئایدیایەی خیامدا بەرچاومان کەوتووە، ئەوەیە کە خیام پێی وایە: ئەگەر نەهاتووە دنیاکان بیانزانیایە لە دنیادا چی دەگوزەرێت لەبەر خراپی چەرخ، ئەوا نە ئەهاتنە دنیا، وەك دەڵێت:

افلاك كه جز غم نفزايند دگر          واتە: چەرخ كە جگە لە خەم هیچ شتێك زیاد ناكات

ننهند به جا تا نربایند دگر          هیچ لە جێیەكدا دانانێت تا چیتر ئەو نەیڕفێنێ

نا آمدگان اگر بدانند كه ما          نەهاتووەكان (مناڵە لەدایك نەبووەكان)ئەگەر بیانزانیایە كە ئێمە

از دهر چه می كشیم نایند دگر [3]          لەدەست زەمانە چ جەورێك دەكێشین لەدایك نەدەبوون

گۆرانیش لە شیعری (بۆ هیوای کوڕم ل ٢٠١) دا باس لەو بەدبەختییە دەکات، کە بەهۆی زەمانەوە بەسەری هاتووەو لە ڕووکردنە هیوای کوڕیدا دەڵێت: ئەگەر تۆش وەك من بەدبەخت بوویتایەو زەمانە ڕۆژیشی وەك شەو لێ ڕەشبکردیتایە، ئەوا مافی خۆت بوو، بەتاوانبار لەقەڵەم بدەیت –

---

١ رباعیات خیام، ل ١٠٩

٢ دیوانی گۆران ، دەروێش عەبدوڵڵا ، ل ١١٩ ، ند ١٢

٣ رباعیات خیام ، ل ٩٠

چونکه من تۆم هێناوەتە دنیاوە- هەتا هەقیشتە بەحر پڕکەی لە تفو بیدەی بە ناوچاوی باوکیمدا. وەك دەڵێت:

بەڵێ، ڕۆڵەم، ئەگەر وەك من کەمێك بەدبەختیی ئیدراکیش،
لەتۆیشی ڕەش بکردایە، نەوەك شەو، ڕۆژی ڕووناکیش،
حەقت بوو عەرش بلەرزێنی بەناڵەی ڕۆحی پڕێشت،
لە ئەستێرەی سەما بڕژێنی فرمێسکی دڵی ڕێشت !
حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نامەفهوومو بێ مەعنا:
زمانی بەسگو تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا !
حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما ،
بەحر پڕکەی لە تف بیدەی بە ناوچاوانی باوکیما !... دیوانی گۆران / بۆ هیوای کوڕم ل ٢٠١

کەواتە: گۆران بە ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێت: هیوای کوڕم ئەگەر بیزانیایە ئەم دنیایە وەك چۆن بۆ من پڕ لە نەهامەتییە بۆ ئەویش هەروا دەبێت، نەیئەویست بێتە دنیاوە. کە منیش ئەوم هێناوەتە دنیا ئەوا تاوانم بەرامبەری کردووە.

خیام لە چوارینەی ژمارە (١٧٤) دا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| گر آمدنم به خود بُدی نامدی | واتە: گەر هاتنە دنیام بەدەست خۆم بوایە نەدەهاتم |
| ور نیز شدن به من بُدی کی شدمی | هەروەها گەر هەبوونم بە من بوایە نە دەبووم |
| به زان نبدی که اندر این دیر خراب | باشتر کەسێکە کە نەبووە لەم دێرە وێرانەیەدا |
| نه آمدمی نه شدمی نه بُدمی [1] | نەدەهاتمو نە دەبوومو نە دەخولقام |

ئەمەش دووبارە جەختکردنەوەیە لەو بیرۆکەیەی کە ئەم دنیایە ئەوەندە خراپە، نەهاتنە دنیا لەو زۆر باشترە، بۆیە ئەگەر بەدەست خۆمان بوایە نەدەهاتینو نەدەبووین: ئەمەش هەمان ئەو شێوە گلەییەیە، کە گۆران لە زاری هیوای کوڕییەوە لە بەدیهێنەری دەکاتو ڕووبەڕووی پەروەردگار دەوەستێتەوە، چونکە هێنراوەتە دنیایەکەوە پڕە لە ناهەمواریو دژ بە ئارەزووەکانی شاعیریش دەسووڕێتەوە، هەربۆیە گۆران دەڵێت: (ئەگەر وەك من کەمێك بەدبەختی ... لە تۆیشی ڕەشبکردایە،

١ رباعیات خیام ، ل ١٠٨

نەوەك شەو ڕۆژی ڕووناكیش، ... حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوكیما)[1] ، واتە: بوونە باوك - هێنانە دنیا- تاوانە، كەواتە؛ كە منیش هێنراومەتە ئەم دنیایەوە ئەوا تاوانم بەرامبەر كراوەو ئەگەر بە دەست خۆم بوایە نە دەهاتمو نە دەبووم.

هەروەها خیام لە چوارینەی ژمارە (١٣٩) دەڵێت:

| | |
|---|---|
| چون حاصل آدمی در این شورستان | واتە: چونكە بەرهەمی مرۆڤ لەم شۆرستان (دنیایە)دا |
| جز خوردن غصە نیست تا كندنِ جان | تا كاتی گیان كێشان جگە لە خەم خواردن هیچی تر نییە |
| خرَم دلا آن كە زین جهان زود برفت | دڵشاد ئەو كەسەیە كە لەم دنیایە زوو دەردەچێت |
| و آسودە كسی كە خود نیامد بە جهان [2] | ئاسوودەش كەسێكە كە هەر نەهاتۆتە دنیا |

كەواتە خیام هەمان بیرۆكەی خۆزگە خواستن بە نەهاتنە دنیا دووبارە دەكاتەوەو پێی وایە ئاسوودە ئەو كەسەیە كە نەهاتۆتە دنیاوە، شادیش ئەو كەسەیە كە زوو لە دنیا دەردەچێت.

**بەشی سێیەم: بەدبەختیی جەبریی:**

ئەم بەشە تایبەتە بەو گلەییانەی كە شاعیران لە دەست هاتنە دنیای جەبرییانەو مردنی جەبریی‌و ژیانی بەدبەختانەی پڕ لە جەبرییەت هەیانەو ڕووی دەمیشیان دەكەنە گەردوون‌و خودای گەورەو بە گلەییەوە بۆچوونەكانیان دەخەنە ڕوو.

گۆران بەكەوتنە بەر كاریگەریی خیام لە شیعری (بۆ هیوای كوڕم ل ٢٠٢) دا دەڵێت:

هەموو هەر قافڵەی بێ ئیختیاری سەر زەمینێكین

هەموو دێین‌و دەڕۆین.. تاكو ئەگەین، یەعنی ئیتر ئەمرین،

گۆران خۆی بە بێ ئیختیار لەقەڵەم دەدات لە هاتنە سەر دنیای هەتا مردنیشی هەر بێ ئیختیارەو ئیجبارە، واتە هاتن‌و چوونی شاعیر هەڵبژاردەی خۆی نەبووە.

لە ڕوانگەی ئەوەی هەموو بێ ئیختیارین، خیام كۆی گەردوونیش بە بێ ئیختیارو بێ دەسەڵات دەزانێت‌و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| نیكی‌و بدی كە در نهاد بشر است | واتە: چاك‌و خراپ كە لەناخی بەشەردایە |
| شادی‌و غمی كە در قضاو قدر است | شادیی‌و خەمیش كە بە قەزاو قەدەرە |

١ دیوانی گۆران ل ٢٠٢

٢ رباعیات خیام ، ل ٩٩

(با چرخ مکن حواله کاندر ره عشق)؟ (ڕێی عەشق مەکە بەماڵ لەسەر چەرخ)؟

چرخ از تو هزار بار بی چاره تر است[1] چەرخ لە تۆ هەزار جار بێ چارە ترە

کەواتە: وشەی (هەموو) کە گۆران بەکاریهێناوە جگە لە مرۆڤیش دەگرێتەوە، وەك ئەوەی خیام نەك تەنیا مرۆڤ لەسەر زاری چەرخەوە باسی بێ ئیختیاری هەموو گەردوون دەکات.

گۆران لە (شیوەنی گوڵاڵە ل ٩٨) یشدا جارێکی تر دێتەوە سەر باسی هەمان بیرۆکەی بێ ئیختیاریی پێکهاتەکانی گەردوون. گۆران تەنیا مرۆڤ بە بێ ئیختیار لەقەڵەم نادات، هەربۆیە لە شیوەنی گوڵاڵەی کچیدا هەرچەندە جەرگی بەسوێیەو ڕق ئەستوورە بەرامبەر خاکو قەبر، چونکە کەسی بۆ نەهێشتۆتەوەو (لەدەوری هەڵچنیوە خوشكو برا پاك)[2] ، کەچی پاساوی بۆ دێنێتەوە کە بێ ئیختیارەو دەیەوێ خاکی زاڵم بە بێ ئیختیار بخاتە ڕووو دەڵێت:

ئەگەر، ئەی خاکی زاڵم، ئیختیارت

نی یە، ناچاری یە تۆیش کاروبارت

ئەم ڕوو کردنە خاکەو پاساو هێنانەوەیە بۆ خاکی زاڵم کە خاك کاروباری ناچارییە، هەمان شێوازی بێ ئیختیار پیشاندانی چەرخە لەلایەن خیامەوە، کەدەڵێت:

با چرخ مکن حواله کاندر ره عشق چرخ از تو هزار بار بی چاره تراست[3]

هەروەها خیام لە چوارینەیەکی تردا لەسەر زاری فەلەك (گەردوون)ەوە کە باس لە بێ ئیختیاری دەکات، پێی وایە؛ تەنانەت سوڕانی گەردوونیش بە دەست گەردوون خۆی نییەو دەڵێت: ئەگەر بەدەست خۆم بوایە خۆم لەم سەرگەردانییە ڕزگار دەکرد:

در گوش دلم گفت فلك پنهانی واتە: بەگوێی دڵمدا چەرخ بە نهێنی گوتی:

حکمی که قضا بود زمن می دانی بڕیارێك کە هی قەزاوقەدەرە بە هی منی دەزانی؟

در گردش خویش اگر مرا دست بُدی ئەگەر لە سووڕانی خۆمدا دەسەڵاتم هەبوایە

خودرا برهاندمی زسر گردانی[4] خۆمم لەم سەرگەردانییە دەردەهانی

---

١ رباعيات خيام ، ل ٩٩

٢ دیوانی گۆران ، شیوەنی گوڵاڵە ل ٩٨

٣ رباعيات خيام ، ل ٧٧

٤ هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨

گۆران‌و خیام لە قسەکردنیاندا لەسەر جەبرییەت، لە بابەتی هاتن‌و چووندا –لەدایك بوون‌و مردن- بەگشتی چوون یـەکن، بـەڵام لـە وردەکـاریی چۆنیـەتی ژیانـدا جیـاوازن. گـۆران گلـەیی‌و باسـکردنی جەبرییەت ناگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە بیکات بە بەڵگەیەك بۆ ئەوەی شـەرعییەت بـدات بـەڕابواردن‌و خواردنەوەو بڵێت: بڕۆ بۆخۆت بخۆرەوەو خۆش ڕابوێرەو چی ئەکەیت بیکە، مادام بەدەسـت خـۆت نەبووەو ئەوەی ئەیکەیت هەرئەوەیە کە لە چارەت نووسـراوە بیکـەی، بۆیـە لێپرسـینەوەت لەسـەری لەگەڵ ناکرێت. ئەمە سەرباری ئەوەی گۆران لەکاتی بێـزاری‌و ناخۆشـیدا بڕیـاردەدات ئیتـر لەمـەودوا شادی بکات ، وەك دەڵێت:

خۆم بەخۆم ئەڵێم یاران من چیم کرد ؟ بۆچ عومری جوانیم وەك پیر بەسەر برد ؟

هەتا دەگاتە ئەوەی دەڵێت:

منیش لەوەوپاش وایە بڕیارم، تیژگی خۆربێ لام ناز خەندەی یارم،
تا گەرمایی ژین ماوە شادی کەم، ئیتر وازبێنم لە ئاشنایی خەم :...[1]

کەچی ناڵێـت: بـڕۆ ڕابـوێرە، چونکـە لەسـەرت مـاڵ نییـە. بـەڵام خیـام ئـەم لـە تـەختی ناوچـەوان نووسرانە دەکات بـە بەڵگـە بـۆ شـەرعییەت دان بـە داوای (بـڕۆ بۆخـۆت ڕابـوێرە)، چونکـە کـە خـۆی لەچارەی نووسیبێتی دواتر ئیتر چۆن لێپرسینەوەت لەسەرئەوە لەگەڵ دەکات؛ هەر بۆیە دەڵێت:

بر من قلم قضا چوبی من رانند واتە: بەبێ من چونکە قەزا پێنووسی خستەکار
پس نیك‌و بدش زمن چرا می دانند کەواتە چاك‌و خراپیم بۆ بە هی من دەزانی
دی بی من‌و امروز چو دی بی من و تو دوێنێ بێ من‌و ئەمڕۆش هەروا بێ من‌و تۆ
فردا به چه حجتم به داور خوانند[2] سبەی بە چ بیانوویەك بانگم دەکرێ بۆ لای دادوەر

هەروەها لە چوارینەیەکی تریشدا خیام هەوڵی شەرعییەتدان بە ڕابواردن لە دنیادا دەدات، بەهۆی ئەوەی هیچ بەدەست خۆمان نییەو هەر لە ئەزەلەوە بۆمان نووسراوە، وەك دەڵێت:

خوش باش که پخته‌اند سودای تو دی واتە: ڕابوێرە کە دوێنێ مامەڵەی تۆیان بڕاندەوە
فارغ شده‌اند از تمنای تو دی لە هیواو خواستەکانیشت دەستیان بەتاڵ بووە
قصه چه کنم که بی تقاضای تو دی تازە چی بگێڕمەوە کە دوێنێ بێ داوای تۆ

١ دیوانی گۆران ، ل ١٦٧
٢ رباعیات خیام ، ل ٨٢

دادند قرار کار فردای تو دی [1]      بڕیاری کاری سبەینێشتیان دا

بەوشێوەیە خیام لە وردەکاری باسی جەبرییەتدا پێ لەسەر ڕابواردنی مرۆڤ لەژیانـدا دادەگرێـت، بەوەی کە زەحمەتە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت.

خیام بەگشتی لەو چوارینانەیدا کەباسی جەبرییەتو مردنی تێدایە، زۆر ڕەشبینانە سـەیری ژیـان دەکات، وەك ئەوەی کە سەرتاپای هەر حەسرەتو ناڕەحەتییەو ئومێدی بە ئایندە نییـە. بـەڵام گـۆران ئـەو ڕەشـبینییە لـە شـیعرەکانیدا نابینرێـت، بـەڵکو بـە پێچەوانـەوە ئومێـدو هیـوا هەیـە لـە کۆتـایی بۆچوونەکانیدا، وەك ئەوەی لە دوادوایی شیعری (بۆ هیوای کوڕم ل ٢٠١)دا دێتە سەر ئەوەی دەڵێت:

**کوڕم ! هەروەك لە ئوعجووبەی ژیانا بەختی بەد ئەگری،**

**شتێکیش- بەختیاری- پێکەنین گرتوویە چواردەوری !**

**بەخۆڕایی مەترسە، خەم مەخۆ، مەگری لە ئێستاوە !**

**بەچی مەعلووم کە چی لەو تەختی ناوچاوانەت نوسراوە؟**

گۆران سـەرەڕای ئـەوەی گلـەیی لـە ژیـانی ناهـەمواری خـۆی دەکـاتو دەڵێـت:(ئەگـەر وەك باوکـە حەسرەت دیدەکەت ژەهرت بچێژایە،    زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بـەدەم بـاوە بپێژایـە؛)[2] ، بـەڵام بێ هیوا نییە لەوەی کە ڕەنگ بێت ژیانی کوڕەکەی وەك هی خۆی وانەبێتو ئومێدی بە ژیانێکی باش هەیە بۆ ئەو. هەربۆیە خوێنەر گەشبینانەو بەهیواوە لە کەشی شیعرەکە دێتـە دەرەوە. لێرەدا تـەواو پێچەوانـەی خیامـە، کـە وا لەخوێنـەر (مـرۆڤ) دەکـات، ڕەشـبین بێـت، لـە سـەرەتایو ژیـانیو کۆتاییەکەیو هەمووشتێکیش.

لەبابەتی جەبرییەتـدا گـۆران کاریگـەرە بـە تێڕوانینێکـی تـری خیـام لـە چۆنییـەتی هەڵسوڕاندنی کاروباری گەردوون، کە بەشێوەیەکی جەبریی نادادپەروەرانەیە. هەروەك ئەوەی خیام لەسەر خەڵکی زاناودانا (ئەهلی فەزڵ) دێتە جوابو گلەیی لە گەردوون (فەلەك) دەکاتو دەڵێت:

گر کار فلك به عدل سنجیده بُدی      واتە:  ئەگەر کاری فەلەك بەجێو دادپەروەرانەو ژیرانە بوایە

احوال فلك جمله پسندیده بُدی      ئەوا کاری گەردوون سەرتاپای پەسەندکراو دەبوو

ور عدل بُدی به کارها در گردون      ئەگەر دادپەروەریو ڕێکی لە کاری گەردووندا هەبوایە

١ رباعیات خیام، ل ١٠٧

٢ دیوانی گۆران ، بۆ هیوای کوڕم، ل ٢٠١

کی خاطر اهل فضل رنجیده بُدی [1]          کەی دڵی خەڵکی خاوەن چاکەو ژیریی دەڕەنجێنرا

گۆرانیش لەژێر کاریگەری بیرەکەی خیامدا لەسەر هونەرمەندێك – دەروێش عەبدوڵلا- دەست بە گلەیی دەکاتو دەڵێت:

لەسیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش،     وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بلبلی خەم بێ [2] !..

واتە: لێرەدا گۆران دەروێش عەبدوڵلا بە بەدبەختو حەسرەتکێش لەقەڵەم دەداتو دێتە سەرئەوەی دەڵێت:

بەڵام چی بکەین لەناوچاوی ڕەشی بەعضێ ذەکای گەورە،

وەکوو تۆوی گوڵی دەم – با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن، دیوانی گۆران/ دەروێش عەبدوڵلا ل١١٩

کە لێرەدا (ذەکای گەورە) هەمان (اهل فضل) ەکەی لای خیامە کە ڕەنجێنراوەو بەدبەختەو حەسرەتکێشە، تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت:

**ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە**

**نەکردایە، خوا عالم، لەکام عەرشت ئەسوو داوێن ؟!**

کەواتە: گۆران بەهۆی وشەی (مەحکووم)ەوە بڕیاری لەسەر جەبرییەت داوە، کە خیلقەت ئەوەی بە نسیبی دەروێش عەبدوڵلا کردووە، بۆیە دەبێت سەرتاپای عومرت حەسرەتکێشان بێت، چونکە کاتو شوێنی هاتنە دنیات ناگونجێن لەگەڵ گەورەیی بەهرەکەتدا، هەربۆیەش قەدرت نازانرێو بەدبەخت ماویتەتەوە؛ واتە: گۆران بە دەروێش عەبدوڵلا دەڵێت: خیلقەت کە وای بڕیارداوە لەم دەورو زەمانەدا بێیتە دنیاوە بەختەکەتی ڕەشکردووە.

تایبەتمەندییەکی تری گۆران لەبیری جەبرییەتدا، کە لە بۆچوونیدا جیاوازە لەگەڵ بیری خیامدا ئەوەیە: گۆران کە باس لە نەگبەتی جەبرییەتو لە چارەنووسێکی خراپ دەکات، تەنیا بۆ هاتنە دنیاو ژیانو مردن نییە، بەڵکو لەبواری نیشتمانپەروەریو نەتەوەییشدا گۆران باسی نەگبەتیو بەدبەختی دەکاتو دەست دەکات بەگلەیی لەخوای گەورە وەك لەشیعری (ئاخ، هەزار ئاخ... ل ١٨٥- ١٨٦) دا:

---

١ رباعیات خیام ، ل ١٠٩

٢ دیوانی گۆران ، دەروێش عەبدوڵلا، ل ١١٩

ئۆف، هەزار ئۆف، ئاخ، هەزار ئاخ ! تا قیامەت ئاخو داخ !    من کە سنگم بەردە، طەبعم بەرزە چەشنی شاخو داخ

ئۆف، هەزار ئۆف ! ئاخ، هەزار ئاخ !    نەگبەتیی کوردی هەژار، ئاخ !...    ل ١٨٥

ئۆف، هەزار ئۆف ! ئاخ، هەزار ئاخ !    غیرەتی کوردی هەژار، ئاخ !...

ئەی ئەوەی قەومانی بەش بەش کرد بەپێی خاکو زمان،    دای بەهەر قەومێ نگینو تاجو تەختی حوڕ ژیان !

کوا نگینی بەختی من ؟    کوانێ تاجو تەختی من ؟

بۆ لە خاکی پاکو زاری بێ گرێم،    غەدر ئەکەی ؟ نابەخشی پێم ؟؟    ل ١٨٦

یا ئیلاهی حەققی خۆم داوا ئەکەم :    کوا نگینو تەختەکەم ؛

بۆ لە عەرشی دادپەروەر – بۆ دلی کوردی هەژار !    تاقە تیرێکی ستەم عەکسی بکاتو بێتە خوار ؟

ئۆف، هەزار ئۆف ! ئاخ، هەزار ئاخ ! ...    خالقی کوردی هەژار، ئاخ ! ...    ل ١٨٦

ئەم شیعرە – و ئەم دێڕانەی بەتایبەتی- لەگەڵ ئایدیای جەبرییەتی بەدبەختیدا دێتەوە، کە گۆران دەردەدڵی لە دەست خالق دەکات، چونکە هەبوونی دەوڵەتی لەچارەی کوردنە نووسیوە، دەڵێت: ئەگەر دروستکەر یەك ستەمی کردبێت، ئەو ستەمە لە کورد بووە، چونکە تەختو تاجی پێ ڕەوا نەبینیوە؛ وەك دەڵێت: " بۆ لە عەرشی دادپەروەر – بۆ دلی کوردی هەژار ! تاقە تیرێکی ستەم عەکسی بکاتو بێتە خوار[١] ؟" .

ئەم سکاڵاکردنەی گۆران هاوشێوەی سکاڵاکەی خیامە لەخوای گەورە، کە گۆران بۆ مافی بەسەربەستی ژیانی نەتەوەکەیەتی - کە وا پێشان دەدات- خوای گەورە نایەڵێت نەتەوەکەی سەربەست بژی. بەڵام خیام بۆ مافی ژیانی ئاسوودەو خواردنەوەو ڕابواردن بەسەربەستی سکاڵا لەخوا دەکاتو دەڵێت:

ابریق می مرا شکستی ربی [٢]    واتە:    کاسەی من ئەشکێنی خوایە

---

١ دیوانی گۆران، ئاخ، هەزار ئاخ... ل ١٨٦.

٢ ئەم چوارینەیە لەلایەن گۆرانەوە بەم شێوەیە وەرگێڕاوە :

شووشەم ئەشکێنی بەقەستی، خوایە !  ڕێی نەشئەو بەزمم ئەبەستی، خوایە!

بر من در عیش ببستی ربی                                دەرگای عەیش‌و نۆش لەمن ئەبەستی خوایە
من می خورم‌و تو می کنی بد مستی                        من مەی دەخۆم تۆ بە مەی بەدمەستی
خاکم به دهن مگر که مستی ربی [1]                        خاکم بەسەر (بەدەم) مەگەر تۆ مەستی خوایە؟

لە نیوە دێڕی دووەم دا خیام گلەیی لەخوا دەکات، - کە ڕابواردن‌و خۆشی ژیانی پێ ڕەوا نابینێت‌و شەرابەکەی قلْپدەکاتەوە- ، چونکە خیام ژیان‌و خۆشی ژیان لەخواردنەوەی ئەو شەرابەدا کۆدەکاتەوەو دەبینێت، کەواتە: گۆران هاوشێوەی خیامە لە سکاڵا کردن‌و گلەیی کردندا لەخوا.

**بەشی چوارەم: مردن:**

ئایدیایەکی تری سەرەکی خیام بریتییە لە باسی مردن. خیام بەگشتی مردن بە سەرئەنجامی کۆتایی ژیان دەزانێت لەو چوارینانەیدا کە باسی مردنیان تیایە. خیام هەرچەندە شاعرێکی دژە مەرگ (مرگ ستیز)ە. بەڵام ئەڵتەرناتیفی مەرگی پەی پێنەبردووە، یان نەخستۆتە ڕوو. هەرچەندە گۆران لە چەند شوێنێکدا -لەم ئایدیایەشدا- لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکەی خیامدایە، بەڵام هەوڵی دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیفی مەرگی داوەو مەرگی بە شێوەیەکی وا خستۆتە ڕوو کە دەستی بەهەموو کونجێکی ژیانی مرۆڤ ناگات، با دەستیشی بگاتە ڕۆحی هەموو مرۆڤێك. واتە: چەند تایبەتمەندییەك هەن، کە مرۆڤ وا لێدەکات بە نەمری بمێنێتەوە.

خیام لەبارەی مەرگەوە دەڵێت:

بر چرخ فلك هیچ کسی چیر نشد        واتە: بەسەر چەرخی گەردووندا هیچ کەسێ زاڵ نەبووە
وز خوردن آدمی زمین سیر نشد                    وە لە خواردنی مرۆڤ زەوی تێر نەبووە
مغرور بدانی که نخوردست ترا                       مەغروور مەبە کە تۆ نەخوراوی
تعجیل مکن، هم بخورد، دیر نشد [2]                  پەلە مەکە تۆش دەخورێیت درەنگ نەبووە

---

شەرابی ئاڵم ئەڕێژیتە خاك ،          هەی خاکم بەدەم بۆچ مەستی، خوایە ! بڕوانە: دیوانی گۆران، ل ٤٩٤. گۆران کەوتۆتە بەر کاریگەری بیرۆکەی ئەم چوارینەیە، بەڵام بۆ بابەتێکی نیشتمانی وەك باسمانکرد. گەرچی ئەم چوارینەیە بەپێی ڕای (محمد علی فروغی‌و د. قاسم غنی) بەچوارینەیەکی ڕاستەقینەی خیام دانانرێت‌و پێیان وایە: هەڵبەستراوە، بڕوانە؛ رباعیات خیام، ل ١٦-١٧.

١ رباعیات خیام ، ل ١٦

٢ رباعیات خیام ، ل ١٦

گۆران کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم بیرۆکەی خواردنی مرۆڤە لەلایەن خاکەوەو تاڕادەیەکیش بەناڕاستەوخۆ باس لە خواردنی هەموان دەکات، وەك دەڵێت:

قەبر ! ئەی خاکی ڕەش، ئەی چاڵی تاریك، دڕندەی لاشە خۆری باوكو داییك

لەبەر یەک لوقمە، یەك پل گۆشتی مەعسووم، منت بۆچ کرد لە نووری دیدە مەحرووم ! شیوەنی گوڵاڵە، ل٩٨

کەواتە: گۆران هەرچەندە بەشێوازی خۆی هەمان بیرۆکەکەی خیام کە خاك (قەبر) مرۆڤ دەخوات، دەڵێتەوە. بەڵام جیاواز لە خیام دەکەوێتە گلەیی‌و گازەندە لەدەست مردن‌و پرسیاری ئەوەی لێدەکات، کە بۆچی لە نووری دیدە مەحروومی کردووە؟ ئەم گلەیەی گۆران بۆخاتری لەدەستدانی مناڵەکانێتی. ئەم حاڵەتی لەدەستدان (مردن) جەرگەش لای خیام لە ژیانی خیامدا بوونی هەبووە، وەك ئەوەی لەو سەرچاوانەی باسی ژیاننامەی خیامیان کردووە، هۆکاری دژە مەرگییەکەی خیام بۆ ئەو حاڵەتە (مردنی منداڵەکان)ی دەگەڕێننەوە.

لەسەر ئەو پێودانگەی کە گۆران هەوڵی دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی مەرگی داوە. گۆران ویستوویەتی لەدیاردەیەك لە دیاردەکانی سرووشتدا شتێك بدۆزێتەوە کە دەستی مردن نەیگاتێ، جا با ئەو جۆرە نەمرییەش مەعنەوی بێت، نەك ڕیالیستی. گۆران دووبارە لەشیعری (هاوڕێم بێ کەس ل ٨٩)دا کەوتۆتەوە بەر کاریگەریی خیام‌و دەڵێت:

جوانی باڵاو دەم‌و چاو ، بەهرەی تاسەر نین بۆ پیاو ،

هەزار چاوجوان، قەد باریك کەوتوونە چاڵی تاریك ،

گۆران لێرەدا باسی مرۆڤ بەگشتی‌و مرۆڤە جوانەکان بەتایبەتی دەکات، کە کەوتوونەتە چاڵی تاریکەوە. تا ئێرە تەواو لەژێر کاریگەریی ئایدیای خیام دایە، بەڵام دواتر وەك ئەوەی ئاماژەمان پێدا بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا گەڕاوە، واتە سیفەتێك هەبێت، کە دەستی مردن نەیگاتێ، بۆیە دەڵێت:

یەك جوانی یە: بای پایز گەڵای زەرد ناکا هەرگیز ،

کە ، لە گیان ، سەرچاوەی دڵ سەرهەڵئەدا قوڵە قوڵ ! دیوانی گۆران / هاوڕێم بێ کەس ل ٨٩

کەواتە وەك ئەوەی خیام کەوتنە چاڵی تاریك (خاك)و بوونەوە بەخۆڵ دوا قسەو بۆچوونەو دەستەوەستانە بەرامبەر مردن، کەچی گۆران وەك ئەوەیە وەڵامی خیام بداتەوەو بڵێت: ڕاستە

هەموو دەکەوینە چاڵ، بەڵام ڕەوشتی جوانو خووو بەهرەی جوان، کە لەناخەوە سەرچاوەی گرتبێت، مردن دەستی پێیان ناگاتو ناوبانگی مرۆڤ بە نەمری دەهێڵنەوە.

ئەم بۆچوونەی گۆران لە تێڕوانینێکی فیۆرباغیشەوە نزیکە[1] . کەواتە: گۆران تەنیا وەك لاساییکەرەوەیەك دەستەوەستان ناوەستێ، بەڵکو داهێنەرانە هەوڵی تێپەڕاندنی بیرۆکەکەی خیام دەداتو بەدوای ئەڵتەرناتیڤدا گەڕاوە.

گۆران لەو دوو نموونەیەدا بەتەنیا نەکەوتۆتە بەرکاریگەری ئەو چوارینەیەی خیام، بەڵکو لە دوو چوارینەی تریشدا ، کە خیام باسی - مەرگ دەستی بەهەموان دەگات- دەکات، دەتوانین بڵێین بەجۆرێك لەجۆرەکان ئامادەبوونیان هەیە لەو پارچانەی گۆراندا، کەپێشتر خستمانە ڕوو هەیە. خیام گوتوویەتی:

آنان که محیط فضل و آداب بودند      واته:      ئەوانەی سەرتۆپی فەزلو ئەدەب بوون

در جمع کمال شمع اصحاب شدند      لە حەلقەی کەمالدا مۆمی یاران بوون

ره زین شب تاریك نبردند برون      لەم شەوە تاریکەدا دەریان نەبرد

گفتند فسانه‌ای و در خواب شدند[2]      ئەفسانەیان گوتو خەو بۆ خۆی بردنیەوە

لێرەدا تەواو جیاوازی نێوان گۆرانو خیام دەردەکەوێت بەرامبەر مەرگ - وەك ئەوەی کە خیام باسی کەسانی ناودارو خاوەن فەزڵو ئەدەب دەکات، وەك چۆن گۆران باسی هونەرمەند، بێکەسی شاعیری کرد- خیام دەڵێت: تەنانەت ئەوانەشی وەکو مۆم وابوون، قسەکانیان تەنیا ئەفسانە (خەیاڵ) ێك بووو ئەوانیش مردن. بەڵام ئەوەبوو گۆران بۆ مەرگی بێکەس ئەڵتەرناتیڤی (جوانی ناخ ، کە مەرگ دەستی پێی ناگات) دەخاتە ڕوو، بەم پێیە گۆران جارێکی تر بیرۆکەکانی خیامی تێپەڕاندووە لە باسی مەرگو پێشکەشکردنی جوانییەك، کە مەرگ دەستی پێی نەگات.

خیام لە چوارینەیەکی تریشیدا باسی مردنی هەموان دەکاتو دەڵێت: مرۆڤەکان تەنانەت ئەگەر وەك ئاوی زەمزەمیش بن کە لەبن نایەت، یان وەك ئاوی حەیاتیش بن ،کە گەر مرۆڤ بیخواتەوە هەرگیز نامرێت، هەر مردن دەستی پێیان دەگات:

---

١ (شکار)د. سەبور عەبدولکەریم ، چەمکی ژیانو مردن لە شیعری مەولەویو مەولانای ڕۆمی دا،چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠٠١٤، ل٩٢.

٢ رباعیات خیام ، ل ٧٨

تا چند اسیری رنگو بو خواهی شد واتە: تا چەند دیلی دەست ڕەنگو بۆ دەبیت

چند از پی هر زشتو نکو خواهی شد چەندەش بەدوای جوانیو ناشیرینیدا دەڕۆیت

گر چشمەی زمزمی و گر آب حیات گەر سەرچاوەی زەمزەمو ئاوی حەیاتیش بیت

آخر به دل خاك فرو خواهی شد [1] ئاخری هەر ڕۆ دەچیتە ناو دڵی خاك

بەو شێوەیە بۆچوونەکەی ترمان پشتڕاستبۆوە، کە گۆران لەبەرئەوەی هونەرمەندانو کەسانی ناخ پاكوجوان بە نەمر لەقەڵەم دەدات، کە لەدەستی مردن دەردەچن، کەچی خیام ئەوانیش دەمرێنێ . ئەمە لەلایەکەوە جیاوازی گۆرانە لە پێشکەشکردنو خستنە ڕووی جوانییەکی مەعنەوی کە مردن پێی ناوێرێت، لەلایەکی تریشەوە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە گۆران بە گەشبینییەوە بەجێدەهێڵێت لە بەرامبەر ناهەموارترین شتی دنیاش کەمردنە، بەڵام سەرتاپا کە خیام دەخوێنینەوە بەڕەشبینییەکی تەواوەوە جێمان دەهێڵێت.

خیام وەك لەچەندین چوارینەیدا باسی ئایدیای مەرگ دەکات، لەچەند شوێنێکدا لەبری وشەی مەرگ وشەی خەو (خەوتن) بەکاردەهێنێت، یان خەو بەجۆرێکی مردن دادەنێ[2]. وەك لەدوا دێڕی ئەم چوارینەیەدا:

کاری چە کنی کە با اجل باشد جفت واتە: چی ئەکەیت ؟ کە جووت دەبی لەگەڵ ئەجەلدا(ئەجەل پێت دەگات)

می خور کە بە زیر خاك می باید خفت [3] واتە: مەی بخۆ هەر دەبێت لەژێر خاکدا بنوویت

دەڵێت: تۆ هیچت پێناکرێت هەر ئەجەل پێت دەگات، کەواتە: بڕۆ – چونکە هەر دەبێت لەژێر خاکدا بنوویت - باشترە مەی بخۆیتەوە.

کەچی جیاواز لەو بیرۆکەیەی پێشتری، خیام داوا دەکات مرۆڤ بەگشتی خۆیان مەست بکەنو بخەون، تەنانەت ئەو بەشەی تەمەنیش بەباش لەقەڵەم دەدات کە بەخەو یان مەستی تێپەڕێنراوە، وەك گوتوویەتی:

---

١ رباعيات خيام ، ل ٨٢

٢ ئەم بۆچوونە سەرچاوەکەی قورئانی پیرۆزە، کە خەو بە بەشێك یان جۆرێکی مردن لەقەڵەم دەدات، وەك لەم ئایەتەدا: "الله يتوفى الأنفس حين موتها والتى لم تمت فى منامها". بڕوانە: (سوره الزمر، آيه ٤٢)

٣ رباعيات خيام ، ل ٧٣

عمرت تا کی به خود پرستی گذرد واته: تاکەی تەمەنت بە خۆپەرستی دەبەیتەسەر

یا در پی نیستیو هستی گذرد یان بەدوای بوونو نەبوونەوە دەیبەیتەسەر

می نوش که عمری که اجل در پی اوست مەی بنۆشە کە ئەجەل بەدوای تەمەنتەوەیە

آن به که به خواب یا به مستی گذرد [1] ئەوبەشەشی چاکە، کە بە خەو یان مەستی دەیبەیتەسەر

هەرچەندە بەگشتی خیام خەو بە مەرگ لەقەڵەم دەداتو دژی مەرگە، کەچی لێرەدا خەو هاوشێوەی مەستی پەسەند دەکات دەڵێت: ئەو بەشەی ژیان باشە، کە بە خەو دەیبەیتە سەر. کەواتە دەتوانین بڵێین: لەم چوارینەیەدا دژە خەو – مرگ ستیز- نییە.کەچی گۆران حەزی بە خەو نەکردووەو وەك چۆن دژە مەرگ بووە، ئاوهاش خەوی پێ پەسەند نەکراوە، وەك دەڵێت:

که شەو هاتو پەردەی ڕەشی کەوتە سەر

جوانیی طەبیعەت کەژو دەشتو دەر ،

هەموو نووست.. هەموو مرد.. کشو بێ ئە ثەر دیوانی گۆران، ل ١٨٠

بەو شێوەیە گۆران وەك چۆن دژی مردن بووە بەهەمان شێوەش نووستنی پێ پەسەند نەکراوە، واتە:حەزی لێی نەبووەو تا ئەندازەیەکیش بە هاوتای مردنی زانیوە، بۆیە دەڵێت: (هەموو نووست.. هەموو مرد..). کەواتە: لێرەوە هەرچەندە کاریگەریی ئایدیای مردن لەم پارچەیەی گۆراندا دەردەکەوێت، کە دژە مەرگییەکەی خیامە، لەوەشدا کە نووستن بەمەرگ دەزانێت هەر لێکچوویەتیو کەوتۆتە بەر کاریگەریی خیام. کەچی جیاوازیشیان هەیە - واتە: کتومت لەژێر ئەو کاریگەرییەدا نییە- لەوەدا؛ کە بەلای خیامەوە نووستن وەك مەست بوون بێ ئاگای دەکرد لە ژیانی پڕ لە حەسرەت، بۆیە پەسەند بوو لای، بەڵام لای گۆران کە نووستن باڵی (کشو بێ ئەثەر)ی دەسەپێنێو لەشەودا ڕەتی دەکاتەوەو دژێتی بەپرسیارو سەرسووڕمانەوە، دەڵێت:

که شەو هاتو ...

هەموو نووست.. هەموو مرد..

سەما تازە جیلوە ستارەی نەظەر ؟

---

١ رباعیات خیام ، ل ٨٥

که دڵ کەوتە ناو دۆزەخی دەردەوە ،

که عیشقو شەبابی خوا بردەوە ،

گڕی شاعیری یەت که دامردەوە :

سەما تازه جیلوه ستارەی نەظەر ؟

واته: نووستن دڵ دەخاتە دۆزەخەوەو وەك ئەوە وایە عیشقو گەنجیش بۆخۆی باتەوە، بۆیە سەیرە بەلای گۆرانەوە لەوکاتەدا ئاسمان جیلوەی ئەستێرەی تێدا بێت، ئەم دژێتی. بەلای گۆرانەوە کە سرووشت دامرکێتەوە واتە: ژیان نامێنێ، جا با کۆتایی دنیاش نەبێتو تەنیا شەو هاتبێت، لای گۆران ئەمە پەسەند نییەو دژێتی، هەربۆیە نووستن – کە لەشەودایە- وەك مردن ڕەتی دەکاتەوەو دژێتی، چونکە شەو وەك مردن بێ جووڵەی دەکات.

خیام لەباسی ئایدیای مەرگدا، کە دێتە سەر مەرگی جوانەکان، پێی وایە؛ کارێکی خراپی کۆی گەردوونەو دەڵێت:

| | |
|---|---|
| آن کس که زمینو چرخو افلاك نهاد | واته: ئەوکەسەی که زەویو چەرخو گەردوونی دانا |
| بس داغ که او بر دل غمناك نهاد | داخو خەمی زۆری لەسەر دڵە خەمناکەکان دانا |
| بسیار لب چو لعلو زلفین چو مشك | زۆر لێوی وەك مرواریو زوڵفی وەک مسکی |
| در طبل زمینو حقەی خاك نهاد[1] | لە سنگی زەویو دەفری خاکدا دانا |

ئەم گلەییکردنە لە مردنی جوانەکان لای گۆران ڕەنگدانەوەی هەیەو گۆران پێی وایە؛ کە دەبوو دەستی مردن بە جوانەکان نەگات، کەواتە: گەرچی لێرەدا گۆران لەژێر کاریگەری ئایدیاکەی خیامدایە، بەڵام دەستەوەستان نییەو هەوڵی تێپەڕاندنی بیرۆکەکەی خیام دەداتو بە گومانەوە دەڕوانێتە ئەوەی کە چۆن دەبێت جوانەکانیش بمرن !و دەڵێت:

وەهام ئەزانی کە هەرگیز کزەی گەڵاڕێزان ، بەناسکیی پەلو پۆی تۆ – مەحاڵە – فێر نابێ !

کەچی چ زوو،چ کتوپڕ لە پەنجەیی وەرەما لەشی شلو پەمەییت،ئەی گوڵی جوان،ژاکا! (گوڵی کەم خایەن ل٩٥)

---

١ رباعیات خیام ، ل ٧٩

کەواتە: گەرچی خیام دەڵێت؛ مردنی ئەو جوانانە داخە بە دڵمانەوە، بەڵام بەلایەوە جێی سەرسوووڕمان نییە. بەڵام گۆران بەو نیشانە سەرسووڕمانانەی لەکۆتایی ئەو کۆپلەیەدا داینـاوە، لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی - مەحاڵە- تەواو جیاوازی خۆی لەسەر مردنی جوانەکان لەگەڵ خیامدا بەیانکردووە. کە ئەوانە چۆن دەبێ بمرن مەحاڵەو لەلایەکی تریشەوە زۆر جێگای سەرسووڕمانە، گەرچی بێدەسەڵاتیشە بەرامبەر مردنیان.

گۆران لە شیعری (لەسەرە مەرگی هیوادا ل ٩٤) جارێکی تر کەوتۆتەوە پرسیارکردن لە مەرگ ، بۆچی ؟و کەوتۆتەوە گلەیی‌و گازەندەو دەڵێت:

| | |
|---|---|
| هیوا ! ئەو لێوەی بە زەردەخەنە ، | گزنگی ڕۆژی گوڵانی منە ، |
| بۆ زەردەخەنەی ئێستا تێ نازێ ؟ | بۆ لەژێر هەوری مەرگا ئەلەرزێ ؟ |
| هەی هاوار ، هەی داد هیوای شیرینم | گیان ئەدەی، ئەمری ، ئیتر ناتبینم ! |
| ئیتر ئا ئیتر .. ناتبینم هەرگیز ، | لە خەوا نەبێ، شەو شەوی پایز |

کەواتە: گۆران لەم کۆپلەیەشدا - کە بۆ مەرگی کوڕەکەیەتی- باسی مەرگ دەکاتو دادو بێ دادێتی لە دەست مەرگ. کە خیام – لەو چوارینانەیدا کە ئایدیای مەرگیان تێدایە- بەم شێوەیەی گۆران دادو بێ داد ناکات لەدەست مەرگ، گەرچی دژیشێتی. کەواتە: گۆران گەرچی لێرەدا لەژێر کاریگەریی ئایدیای مەرگی خیامدا باس لە مەرگی کوڕەکەی دەکات، بەڵام هەر بەوشێوەیەی کە خۆی دژی مەرگەو دەیەوێ دەستەوەستان نەوەستێ بەرامبەر مەرگ ئەوەی لەناخیدایە دژ بە مەرگ دەریبڕیوە، کە لەشێوەی پرسیارو سەرسووڕماندایە، وەك ئەوەی دەڵێت:(گیان ئەدەی ، ئەمری ، ئیتر ناتبینم !)[١] .

**ئەنجام:**

١- لە شیعرەکانی گۆراندا نموونەی هەر نۆ ئایدیا بنچینەییەکەی خیام بوونیان هەیە، گەرچی لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە چوار ئایدیای سەرەکیمان هەڵبژاردووە، تا نموونە لێکچووو جیاوازەکانی هەردوو شاعیری لەسەر تاوو توێ بکەین.

١ دیوانی گۆران، لەسەرە مەرگی هیوادا ل ٩٤، ند ٨.

٢- كۆی چوارینە ساغكراوەكانی خیام – بەپێی ئەو سەرچاوەیەی كردوومانەتە بنەما – ١٧٨ چوارینەیە، لە ٥٢ چوارینەدا ئایدیای نابەردەوامی دنیاو پووچی ژیان هەیە. ئایدیای نابەردەوامی دنیاو پووچی ژیان لە شیعرەكانی سەرجەمی دیوانی گۆراندا لە سێ شوێندا ڕەنگی داوەتەوە، كە ئەمانەن: ((كەنیشكە جوانەكە ! ل ٧٠)، (هاوڕێم بێ كەس ل٨٩ نیوە دێڕەكانی ١- ٦)، (گوڵی لاولاو ل٢٢٣ نیوە دێڕەكانی ٩- ١٢)).

٣- خیام نموونەكانی لە شاو گەورە پیاوو سەروەرەكان دەهێنێتەوە لە ئایدیای نابەردەوامی ژیانو پوچی ژیاندا لەلایەكەوە ، كە ژیان تاسەر نییە بۆیان، لە لایەكی ترەوە لە ڕوومەت وەك مانگەكان. گۆرانیش نموونەكانی بریتین لە :(هەزار چاوجوان، قەدباریك، باڵاو دەمو چاو جوانەكان)، كە هەر دەبێ بكەونە چاڵی تاریك.

٤- گۆران لە ژێر كاریگەریی بیری نابەردەوامی ژیانو پوچی ژیانی خیام دایە لە شیعری (هاوڕێم بێ كەس! ل ٨٣) دا، بەڵام وەك كێبڕكێكەرێكی خیام ئەسپی خۆی زیاتر تاو دەداتو دەیەوێت بیرەكەی خیامیش تێپەڕێنێت، تا جۆرێك جوانی بدۆزێتەوە كە نەمر بێت، ئەویش بریتییە لە جوانی (گیان)، ئەم جوانییەش جەستەیی نییەو سەرچاوەكەی ناخو گیانە. وەك دەڵێت:

یەك جوانییە : بای پایز گەڵای زەرد ناكا هەگیز،

كە لە گیان، سەرچاوەی دڵ سەرهەڵئەدا قوڵە قوڵ !

واتە: جیاوازی لە نێوان خیامو گۆراندا هەیە، گەرچی لایەنی لێكچوونی تەواویش هەیە: لەوەدا كە لای خیام كەوتنە چاڵی تاریكو بوونەوە بە خۆڵا كۆتا قسەیە، بەڵام گۆران گفتوگۆ لەگەڵ ئەو بۆچوونەی خیام دەكاتو دەیەوێ وەڵامی بۆچوونەكەی خیام بداتەوەو دەڵێت: گەرچی هەموومان دەبینەوە بە خۆڵا بەڵام خووو ڕەوشتی جوانو بەهرەی جوان لەو تایبەتمەندییانەن مرۆڤ بە نەمری دەهێڵنەوە؛ هەركاتێك لە ناخی پاكو جوانەوە هەڵقوڵابن، ئیتر مردنیش دەستی پێیان ناگات.

٥- لە كۆی ئەو چوارینانەی خیام، كە بیری سەرەكییان قسەكردنە لەسەر چەرخو زەمانە، كە ژمارەیان نۆ چوارینەیە، لە هەشتیاندا چەرخو زەمانە بە شێوەیەكی نێگەتیڤ خراوەتە ڕوو، تەنیا لە چوارینەی ژمارە (١٧٢) دا نەبێت، كە خیام چەرخ بەبێ دەسەڵات لە قەڵەم دەدات. وەك ئەوەی چۆن مرۆڤ بە جەبریی كەوتۆتە نێو گێژاوو سەرگەردانی ژیانەوە، چەرخیش هەروا كەوتۆتە ئەو

سەرگەردانییەوە.

٦- گۆران لە دوانزە شوێندا بەڕاستەوخۆ باسی چەرخو زەمانەی کردووە؛ لە یانزە جێیاندا گلەیی لە چەرخ دەکاتو نێگەتیڤانە دەیخاتە ڕوو، تەنیا لە یەك شوێندا نەبێت کە لە باسی بەختی ڕەشییدا چەرخی بە پۆزەتیڤ باس کردووە، ئەویش لە پاش هێنانەوەی هۆیەکی هونەریی، وەك ئەوەی دەڵێت: (چونکە شەبیهە بەو زوڵفی سیایەت).

٧- گۆرانو خیام لە قسەکردنیاندا لەسەر جەبرییەت، لە بابەتی هاتنو چووندا –لەدایك بوونو مردن- بەگشتی چوون یەکن، بەڵام لە وردەکاریی چۆنیەتی ژیاندا جیاوازن. گۆران گلەییو باسکردنی جەبرییەت ناگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە بیکات بە بەڵگەیەك بۆ ئەوەی شەرعییەت بدات بەڕابواردنو بڵێت: برۆ بۆخۆت مەی بخۆرەوەو خۆش ڕابوێرە، چونکە لە چارەت نووسراوە. کەچی گۆران لەکاتی بێزاریو ناخۆشیدا بڕیاردەدات ئیتر لەمەودوا شادی بکات ، ناڵێت: برۆ ڕابوێرەو لەسەرت ماڵ نییە. بەڵام خیام لە تەختی ناوچەوان نووسران دەکات بە بەڵگە بۆ شەرعییەت دان بە داوای (برۆ بۆخۆت ڕابوێرە)، چونکە کە خودا خۆی لەچارەی نووسیبێتی ئیتر لێپرسینەوەت لەگەڵ ناکات.

٨- خیام بەگشتی لەو چوارینانەیدا کەباسی جەبرییەتو مردنی تێدایە، زۆر ڕەشبینانە سەیری ژیان دەکات، وەك ئەوەی کە سەرتاپای هەر حەسرەتو ناڕەحەتییەو ئومێدی بە ئایندە نییە. بەڵام گۆران ئەو ڕەشبینییە لە شیعرەکانیدا نابینرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئومێدو هیوا هەیە لە کۆتایی بۆچوونەکانیدا، وەك ئەوەی لە دوادوایی شیعری (بۆ هیوای کورم ل ٢٠١)دا دەبینرێتو لێکمان داوەتەوە.

٩- تایبەتمەندییەکی تری گۆران لەبیری جەبرییەتدا، کە لە بۆچوونیدا جیاوازە لەگەڵ بیری خیام ئەوەیە: گۆران کە باس لە نەگبەتی جەبرییەتو لە چارەنووسێکی خراپ دەکات، تەنیا بۆ هاتنە دنیاو ژیانو مردن نییە، بەڵکو لەبواری نیشتمانپەروەریو نەتەوەییشدا گۆران باسی نەگبەتیو بەدبەختی دەکاتو دەست دەکات بەگلەیی لەخوای گەورە وەك لەشیعری (ئاخ، هەزار ئاخ... ل ١٨٥- ١٨٦) دا.

١٠- لە ئایدیای مردندا، خیام بەگشتی مردن بە سەرئەنجامی کۆتایی ژیان دەزانێت لەو چوارینانەیدا کە ئەم ئایدیایەیان تێدایە. خیام هەرچەندە شاعرێکی دژە مەرگ (مرگ سیتیز)ە. بەڵام ئەڵتەرناتیفی مەرگی نەخستۆتە ڕوو، یان باوەڕی پێی نەبووە. گەرچی گۆران لە چەند شوێنێکدا -لەم ئایدیایەشدا- لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکەی خیامدایە، بەڵام هەوڵی دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیفی

مەرگی داوەو مەرگی بە شێوەیەکی وا خستۆتە ڕوو، کە دەستی بەهەموو کونجێکی ژیانی مرۆڤ ناگات، با دەستیشی بگاتە ڕۆحی هەموو مرۆڤێك. چونکە چەند تایبەتمەندییەك هەن، کە مرۆڤ وا لێدەکات - ناوبانگی - بە نەمری بمێنێتەوە.

١١- گۆران هەرچەندە بەشێوازی خۆی هەمان بیرۆکەی خیام کە خاك (قەبر) مرۆڤ دەخوات، دووبارە دەکاتەوە. بەڵام جیاواز لە خیام دەکەوێتە گلەیی‌و گازەندە لەدەست مردن‌و پرسیاری ئەوەی لێدەکات، کە بۆچی لە نووری دیدە مەحروومی کردووە؟ ئەم گلەییەی گۆران بۆخاتری لەدەستدانی منداڵەکانێتی. کەواتە: لە دیدێکی خودییەوە گۆران باسی دەستی مەرگ دەگات، بەڵام لە چوارینەکانی خیامدا دیدێکی بابەتییانەی گەردوونی هەیە لە باسی مەرگدا.

١٢- گۆران هونەرمەندان‌و کەسانی ناخ جوان بە نەمر لەقەڵەم دەدات ، گەرچی خیام ئەوانیش دەمرێنێ . جیاوازی گۆران لەگەڵا خیامدا لە پێشکەشکردنی جوانییەکی مەعنەویدایە، کە مردن پێی ناوێرێت، لەلایەکی تریشەوە گۆران خوێنەر بە گەشبینییەوە لە بەرامبەر ناهەموارترین دیاردەی گەردوونی دنیاش کەمردنە بەجێدەهێڵێت لە شیعرەکانیدا، بەڵام بەگشتی کە خیام دەخوێنینەوە بەڕەشبینییەکی تەواوەوە ئێمەی خوێنەر جێدەهێڵێت.

١٣- خیام وەك لەچەندین چوارینەیدا باسی ئایدیای مەرگ دەکات، لەچەند شوێنێکیشدا لەبری وشەی مەرگ وشەی خەو (خەوتن) بەکاردەهێنێت، یان خەو بەجۆرێکی مردن دادەنێ. گۆرانیش وەك چۆن دژی مردن بووە بەهەمان شێوەش نووستنی پێ پەسەند نەکراوە، واتە:حەزی لێی نەبووەو تا ئەندازەیەکیش بە هاوتای مردنی زانیوە، بۆیە دەڵێت: (هەموو نووست.. هەموو مرد..). کەواتە: هەرچەندە کاریگەریی ئایدیای مردنی خیام لەسەر گۆران هەیە-- کە دژە مەرگییەکەیە- لەوەشدا کە نووستن بەمەرگ دەزانێت هەر کەوتۆتەوە بەر کاریگەریی خیام. گەرچی جیاوازیشیان هەیە - واتە: کتومت لەژێر کاریگەریی خیامدا نییە- ؛ بەلای خیامەوە هەندێکجار نووستن وەك مەستبوون بوو، کە بێ ئاگای دەکرد لە ژیانی پڕ لە حەسرەت، بۆیە پەسەند بوو لای، بەڵام لای گۆران کە نووستن باڵی (کش‌و بێ ئەپهر)ی دەسەپێنێ لەشەودا ڕەتکراوەیەو دژێتی؛ بۆیە بەلای گۆرانەوە کە سرووشت دامرکێتەوە لە شەودا واتە: ژیان نامێنێ، جا با کۆتایی دنیاش نەبێت‌و تەنیا شەو هاتبێت، لای گۆران ئەمە پەسەند نییە ، هەربۆیە ڕەتی دەکاتەوە ، چونکە شەو وەك مردن بێ جووڵەی دەکات.

## لیستی سەرچاوەکان:

١-   قورئانی پیرۆز.

٢-   (الحمدی) د. رامی فواز احمد، النقد الحدیث والادب المقارن، ط١، دار الحامد للنشر والتوزیع، عمان- الأردن، ٢٠٠٨.

٣-   (حسام پور) د. سعید، (حسنعلی) د. کاووس: رویکردهای پنجگانه در خیام شناسی، سال دهم (١٣٨٨)، فصلنامه علمی پژوهشی کاوش نامه، ، شماره (١٨).

٤-  (دیما) ئالیکساندەر ، پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بەراورد(وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: ئەنوەر قادر محەمەد)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠١١.

٥-   دیوانی گۆران ( سەرجەمی بەرهەمی گۆران)، محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.

٦-   (رضویی) د. مهدی امین، خیام در غرب، ١٣٩٣، روزنامەای خبر گزاری جمهوری اسلامی، شمارەی ٢٩/ ٢/ ١٣٩٣.

٧-   (سبحانی)د.جعفر: تاریخ ادبیات ایران، انتشارات زوار ، ، تهران، ١٣٨٦ ،چاپ اول.

٨-   (شایگان)د. داریوش، پنج اقلیم حضور، انتشارات فرهنگ معاصر، تهران، ١٣٩٣، چاپی چهارم.

٩-   (صفا) د. ذبیح الله، تأریخ ادبیات ایران، انتشارات ققنوس، جلد ٢، چاپ بیستم، تهران، ١٣٨١.

١٠-  (شکار)د. سەبور عەبدولکەریم ، چەمکی ژیانو مردن لە شیعری مەولەویو مەولانای ڕۆمی دا، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠١٤.

١١-   فاتح رحمانی، محمد هادی مرادی: گامی برای آمادەسازی رباعیات خیام برای تحلیل های روان شناختی، سال -١٩- ١٣٩٦، شماره -٦٦-، مجله متن پژوهی ادبی.

١٢-  (فروغی) محمد علیو (غنی)د. قاسم، رباعیات خیام، انتشارات اساطیر، ٢٠٠٦(١٣٨٥ ه. ش).

١٣-  (میرزایی نیا) حسین، (نوکاریزی) علی: جستاری در برخی اندیشەهای مشترك عمر خیامو احمد صافی نجفی، نشریەی ادبیات تطبیقی دانشگاه مشهد با هنر کرمان،١٣٩٤ ، شمارەی ١٣ ، سال ٧.

**سایتەکان:**

١٤-   (باقری زاد) داود ، (کزازی)د.میر جلال الدین: بر رسی سبكو شیوەی خیام در رباعی از منظر آرایەهای ادبی ، SI D، ١٣٩٤ ، Pdf.

١٥-  (ذاکری) د. احمد: حافظ و خیام، مجله دانشکدەای ادبیاتو علوم انسانی، دانشگاه تهران، SI D.

١٦-  سایتی برترین های جهان Top.ir - تصحیحات خیام.

١٧-  سایتی ویکیپیدیا دانش نامەی آزاد- رباعیات خیام.